# زانستنامەی فەلسەفە

وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

# مێتافیزیک

نووسەر: پیتەر ڤان ئینواگێن، مێگان سولیڤان و سارا بێرنشتاین

وەرگێڕ: عەبدوڵڵا ئەمینی

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری

ڤان ئینواگێن، پیتەر؛ سولیڤان، مێگان؛ و بێرنشتاین، سارا. «مێتافیزیک». *زانستنامەی فەلسەفە* (پاییزی ٢٠٢٥). عەبدوڵڵا ئەمینی (وەرگێڕ). بەستەر = <https://zanistname.com/ck/Entries/metaphysics>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد*دا:

van Inwagen, Peter, Meghan Sullivan, and Sara Bernstein, “Metaphysics”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2025 Edition), Edward N. Zalta & Uri Nodelman (eds.), forthcoming URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2025/entries/metaphysics/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری

سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ *زانستنامەی فەلسەفە* پارێزراوە

https://zanistname.com/

# مێتافیزیک

پیتەر ڤان ئینواگێن، مێگان سولیڤان و سارا بێرنشتاین

وەرگێڕ: عەبدوڵڵا ئەمینی[1]

ئاسان نییە بڵێین مێتافیزیک چییە. فەیلەسووفانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست لەوانەیە گوتبێتیان کە مێتافیزیک، وەک کیمیا یان ئەستێرەناسی، دەبێ بەپێی بابەتەکەی[2] پێناسە بکرێت: مێتافیزیک ئەو «زانست»ـەیە کە لەسەر «بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە» یان «هۆکارە سەرەتاییەکانی بوونەوەران» یان «شتە نەگۆڕەکان» دەکۆڵێتەوە. لەبەر دوو هۆکار چیدی ناتوانین بەو شێوەیە مێتافیزیک پێناسە بکەین. یەکەم، فەیلەسووفێک کە نکۆڵی لە هەبوونی ئەو شتانە دەکات –هۆکارە سەرەتاییەکان، شتە نەگۆڕەکان– کە پێشتر وەک بابەتێکی هەمیشەیی مێتافیزیک سەیر کرابوو، ئێستا وەک دەربڕێنێکی مێتافیزیکی دادەنرێت. دووەم، کۆمەڵێک پرسی فەلسەفی هەن کە هەنووکە وەک پرسی مێتافیزیکی (یان لانیکەم نیمچەمێتافیزیکی) وێنا دەکرێن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هۆکارە سەرەتاییەکان یان شتە نەگۆڕەکانەوە نییە –بۆ نموونە، پرسی ویستی ئازاد یان بابەتی زەینی[3] یان بابەتی ماددی[4].

سێ بەشی یەکەمی ئەم وتارە لە هەڵبژاردەیەکی بەرین لەو پرسانە دەکۆڵێتەوە کە وەک پرسی مێتافیزیکی دێنە ئەژمار و ئەو شێوازانەی دەخاتە بەر باس کە تاوتوێی مێتافیزیک بە درێژەی زەمەن تێیاندا پەرەی سەندووە. بۆمان دەردەکەوێت کە پرسە سەرەکییەکانی مێتافیزیک لە سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە شێوەیەکی بەرچاو یەکلایی کراونەتەوە. ئەوەیش ئەو پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە

---

١. مامۆستای زانکۆی کوردستان، سنە

2. subject-matter

3. the mental

4. The physical

ئایا تایبەتمەندییەکی هاوبەش هەیە کە پرسەکانی مێتافیزیکی هاوچەرخ یەکلایی بکاتەوە؟ لە دوو بەشی کۆتاییدا، باس لە هەندێک بیردۆزی ئەم دواییانە لەمەڕ سروشت و میتۆدناسی (ڕێڕەوناسی)ی مێتافیزیک دەکەین. هەروەها ئاوڕ لەو ئارگیومێنتانە دەدەینەوە کە دەڵێن مێتافیزیک، هەرچۆنێک پێناسە بکرێت، هەوڵێکی نامومکین و مەحاڵە.


- ١. وشەی «مێتافیزیک» و تێگەی مێتافیزیک
- ٢. پرسەکانی مێتافیزیک: مێتافیزیکی «کۆن»
  - ١.٢. بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە، هۆکارە سەرەتاییەکان، شتە نەگۆڕەکان
  - ٢.٢. کاتەگۆرییەکانی بوون و هەمەکییەکان[1]
  - ٣.٢. جەوهەر (سرشت)
- ٣. پرسەکانی مێتافیزیک: مێتافیزیکی «نوێ»
  - ١.٣. ئاراستەمەندی (مۆداڵیتی)
  - ٢.٣. شوێن و کات
  - ٣.٣. بەردەوامبوون و پێکهاتە (پاژە پێکهێنەرەکان)
  - ٤.٣. هۆکارێتی، ئازادی و جەبربڕوایی (دیتێرمینیزم)
  - ٥.٣. بابەتی زەینی و بابەتی ماددی (فیزیکی)
  - ٦.٣. مێتافیزیکی کۆمەڵایەتی
- ٤. میتۆدناسیی مێتافیزیک
- ٥. ئایا مێتافیزیک مومکینە؟
- سەرچاوەکان
- سەرچاوە ئینتەرنێتییەکانی تر


## ١. وشەی «مێتافیزیک» و تێگەی مێتافیزیک

پێناسەکردنی وشەی مێتافیزیک گەلێک ئەستەمە. دەستەواژەگەلی داهێنراوی سەدەی بیستەم وەک

1. Universals

«ســەروو-زمان»[1] یان «سەرووفەلسەفە»، ئەو تێڕوانینە دەورووژێنن کە گوایە فەلسەفە توێژینەوەیەکە کە تا ڕادەیەک «دەچێتە ســەرووی» فیزیاوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەو شتە ئەم-جیهانییانە[2] دەترازێــت کــە نیۆتۆن و ئەنشــتاین و هایزێنبێرگ پێوەی ســەرقاڵ بوون. ئەم تێڕوانینە هەڵەیە. وشــەی «مێتافیزیک» لە کۆی ناونیشــانی چواردە کتێبی ئەرەستوو وەرگیراوە کە ئێستا وەک کتێبی *مێتافیزیک*ی ئەرەســتوو دەیناســین. ئەرەســتوو بۆخۆی ئەو وشــەیەی نەدەناســی. (ناوبراو بۆ ئەو لقەی فەلسەفە کە بابەتەکەی مێتافیزیکە، چوار ناوی دانابوو: «فەلســەفەی یەکەم»، «زانستی یەکەم»، «حیکمەت/ژیری»[3] و «یەزدانناســی»). لانیکەم سەد ساڵ دوای مردنی ئەرەستوو، هەڵەچنی ئاسەوارەکانی (بە ئەگەری زۆرەوە، ئاندرۆنیکۆســی ڕوودێســی)[4] ناوی ئەو چواردە کتێبــەی نــا *"Ta meta ta phusika"* –«دوای بابەتە فیزیاییەکان» یان «ئەو بابەتانەی دوای بابەتی فیزیا هاتوون»– «بابەتی فیزیایی» ئەو کتێبانەی لە خۆ دەگرت کە ئێســتا پێیان دەڵێین *فیزیا (تەبیعیات)*ی ئەرەستوو. ئەو ناونیشــانە لەوانەیە بۆ ئاگاداریی خوێندکارانی فەلسەفەی ئەرەستوو بووبێت کە دەبێ پاش قاڵبوون بەسەر «بابەتە ماددییەکان»دا، ئەو کتێبانەی کە لەمەڕ سروشــت یان جیهانی سروشتین –واتە سەبارەت بە گۆڕان، چونکە گۆڕان تایبەتمەندیی بێئەملاوئەولای جیهانی سروشتییە– ئاوڕ لە مێتافیزیک بدەنەوە.

ئەمە واتای وێچووی ناونیشانەکەیە، چونکە *مێتافیزیک* سەبارەت بە شتانێکە کە نەگۆڕن. ئەرەستوو لە جێگایەکدا بابەتی فەلسەفەی یەکەمی وەک «بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە» و لە جێگایەکی تردا وەک «هۆکارە سەرەتاییەکان» پێناسە دەکات. پرسیاری گونجاو –و وەڕەزکەر– ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو پێناســەیە چییە؟ وێدەچێت وەڵامەکە ئەمە بێت: هۆکارە نەگۆڕە سەرەتاییەکان جگە لە هەبوون هیچ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو شتە بگۆڕانەی کە بەدییان دێنن [واتە هۆکرد]، نییە. ئەو هۆکارانەیش وەک ئێمە و بەرناســەکانی[5] ئەزموونمان بوونیان هەیە و لێکچوونەکان [لە نێوان هۆکارە سەرەتاییەکان و شــتە بگۆڕەکان] بەمە کۆتایی دێت. (بۆ ڕێنماییەکی ورد و پڕزانیاریی ئەم دواییانە لەسەر *مێتافیزیک*ی ئەرەستوو، بڕوانە: پۆلیتیس، ٢٠٠٤).

1. Meta-language
2. the mundane
3. wisdom
4. Andronicus of Rhodes
5. objects

ئایـا دەبێ وای دانێیـن کە «میتافیزیـک» ناوێکە بۆ ئەو «زانست»ـەی کە بابەتـی *میتافیزیک*ی ئەرەستوویە؟ ئەگەر گریمانەمان ئەوە بێت، ئەوا دەبێ پابەند بین بە شتێکی نزیک لەو تێزانەی خوارەوە:

- بابەتی میتافیزیک بریتییە لە «بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە»
- بابەتی میتافیزیک بریتییە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بوونەوەران
- بابەتی میتافیزیک بریتییە لە شتێک کە نەگۆڕە

هەر یەک لەو سـێ تێزە لەوانەیە تا سـەدەی حەڤدەیەم، وەک دەربڕینێکی شـیاوی بەرگری لەمەڕ بابەتی ئەو شتەی پێی گوتراوە «میتافیزیک»، ڕەچاو کرابێت. بەڵام دواتر، تا ڕادەیەکیش لەناکاو، گەلێک پرس و بابەت کە ئەرەستوو و بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست وەک بابەتی تایبەت بە فیزیاوە پۆلێنبەندییان کردبوو (بۆ نموونە، پەیوەندیی زەین و لەش، یان ئازادیی ویسـت، یان ناسنامەی تاکەکەسی[1] لە درێژەی زەمەنـدا)، خرانە بازنـەی میتافیزیکەوە. بە ئەگـەری زۆرەوە، دەتوانین بڵێین کە میتافیزیک لە سـەدەی حەڤدەیەمدا بوو بە کاتەگۆرییەکی بەربڵاو، واتە گەنجینەیەک لە پرسگەلێکی فەلسەفی کە چیدی وەک ماریفەناسـی، لۆژیک، ئاکار یان لقەکانی تری فەلسەفە پۆلێن نەدەکران. (لەو سەردەمەدا بوو کە وشەی «بوونناسـی»[2] داهێنرا –وەک ناوێک بۆ زانستی بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە– بوارێک کە وشەی «میتافیزیک» چیدی نەیدەتوانی پڕی بکاتەوە). ئاوەزبڕوا ئەکادیمییەکانی سەر بە ڕێبازی پاش-لایبنیتزی[3] دەیانزانی کە وشەی «میتافیزیک» بە واتایەکی بەرینتر لە جاران دەکار هێنراوە. کریستیەن وۆڵف[4] هەوڵی دا بەم تێبینییە واتای بەرینتری ئەو وشەیە پاساو بدات: هەرچەند بابەتی میتافیزیک بوونە، بەڵام دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی یان هاوکات لەگەڵ بابەتگەلی سەر بە کاتەگۆریی تایبەتەوە، توێژینەوە لەسەر بوون بکەین. ناوبراو جیاوازیی دانا لە نێوان «میتافیزیکی گشتی» (یان بوونناسی)، وەک لێکۆڵینەوە لەمەڕ بوون ئەوە جۆرەی کە بۆخۆی هەیە، و لقە جۆراوجۆرەکانی «میتافیزیکی تایبەتی»، کە لێکۆڵینەوە لەسەر بوونی بەرناسگەلی سەر بە جۆری جیاواز و تایبەت، وەک گیان (نەفس)[5] و جەستە ماددییەکان، دەکەن. (وۆڵف هۆکارە سەرەتاییەکان بۆ میتافیزیکی گشتی قۆرخ ناکات، بەڵکوو [لای وایە کە] لێکۆڵینەوە سەبارەت بە

1. identity personal
2. ontology
3. post-Leibnizian
4. Christian Wolff
5. soul

هۆکارە سەرەکییەکان سەر بە یەزدانناسیی سروشتی[1]، وەک لقێک لە مێتافیزیکی تایبەتییە.) جێی گومانە کە ئایا ئەم مشتومڕە لە فێڵێکی زمانی شتێ زیاترە یان نا. بە نموونە، بە چ واتایەک بیرمەندێکی بواری دەروونناسیی ئاوەزمەندانە[2] (لقێک لە مێتافیزیکی تایبەتی کە بۆ گیان تەرخان کرابوو) سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لەسەر بوونە؟ ئایا بوونی گیان جیاوازە لەگەڵ بوونی هەبووەکانی تر؟ کەواتە ئایا کاتی لێکۆڵینەوە لەسەر گیان، نەتەنیا لەمەڕ سرشتی گیان زانیاری دەستەبەر دەکەین (واتە زانیاری لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی وەک: ئاوەزمەندی، نامادديبوون، نەمری، توانین یان نەتوانینی بۆ کارتێکەری لەسەر جەستە و هتد)، بەڵکوو سەبارەت بە «چۆنێتیی بوون»یشی، و لە ئاکامیشدا شتێک لەمەڕ [خودی] بوون فێر دەبین؟ بەدڵنیاییەوە ڕاست نییە کە هەموو یان لانیکەم زۆرێک لە دەروونناسە ئاوەزبڕواکان، وەک دەروونناسانی ئاوەزبڕوا، شتێکیان گوتووە کە دەتوانین بە شێوەیەکی گونجاو وەک بارسووکییەک بۆ تێگەیشتنمان لە بوون ڕاڤەی بکەین.

وێدەچێت دەکارهێنانی بەرینتری چەمکی «مێتافیزیک» دەرەنجامی ئەو واقعیەتە بووبێت کە چەمکی «فیزیا» خەریک بوو ببێت بە ناوێک بۆ زانستێکی چەندێتیپێوەری[3] نوێ، ئەو زانستەی کە ئەمڕۆکە هەڵگری ئەو ناوەیە، و تا دەهات بۆ توێژینەوە لەسەر زۆرێک لە پرسە نەریتییە فەلسەفییەکان لەمەڕ شتگەلی بگۆڕ (و هەندێک پرسی تازە دۆزراو سەبارەت بە شتە بگۆڕەکان) لە کەڵک دەکەوت.

هۆکاری ئەو گۆڕانە هەرچییەک بووبێت، بەپێی دەکارهێنانی هەنووکە (و لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم سێسەد یان چوارسەد ساڵەی دوایی)، دانان بەوەی کە بابەتی مێتافیزیک هەمان بابەتی *مێتافیزیک*ی ئەرەستوویە، ناتەبایە. هەروەها، لەگەڵ ئەو واقعیەتەدا ناگونجێت کە مێتافیزیکزانانێکی نموونەیی هەن و هەبوون کە نکۆڵی لە هەبوونی هۆکارە سەرەتاییەکان دەکەن -ئەم نکۆڵییەش بەدڵنیاییەوە بە واتای باو تێزێکی مێتافیزیکییە-هەندێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەموو شت لە گۆڕاندایە (هێراکلیتۆس و هەر فەیلەسووفێکی نوێتر کە هاوکات هەم ماتریالیست/ماددەبڕوایە و هەم نۆمینالیستە/ناوبڕوایە[4])، هەڵای هەندێکی تر (پارمێنیدێس و زێنۆن[5]) حاشا لەوە دەکەن کە چینێکی تایبەت لە بەرناسەکان هەن

1. natural theology
2. rational psychology
3. quantitative
4. nominalist
5. Zeno

کە گۆڕانیان بەسەردا نایەت. بۆ دیاریکردنی مێتافیزیک وەک بوارێک، باشترین خاڵی دەسپێک ئەوەیە کە ئاوڕ لەو تەوەرە بێئەژمارانە بدەینەوە کە هەر لە کۆنەوە دیاری کراوە بۆی.

## ٢. پرسەکانی مێتافیزیک: مێتافیزیکی «کۆن»

### ١.٢. بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە، هۆکارە سەرەتاییەکان، شتە نەگۆڕەکان

ئەگەر ئێستاکە مێتافیزیک ئاوڕ لە ڕووبەرێکی بەرینتر لەو پرسانە دەداتەوە کە لە *مێتافیزیک*ی ئەرەستوودا باسیان لێوە کراوە، ئەو پرسە سەرەکییانە بەردەوام پەیوەندییان بە بابەتە سەرەکییەکەی مێتافیزیکەوە هەیە. بە نموونە، تەوەری «بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە»[1] (و «هەبوون[2] ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە»، بە مەرجێک هەبوون شتێکی جیاواز لە بوون بێت)، یەکێک لەو بابەتانەیە کە بە پێوەری هەر بۆچوونێک لەمەڕ مێتافیزیک، سەر بە مێتافیزیکە. ئەو تێزانەی خوارەوە هەموویان بە شێوەیەکی نموونەیی مێتافیزیکین:

- «بوون هەیە؛ نە-بوون[3] نییە» [پارمنیدێس]
- «چییەتی (ماهیەت)[4] پێشترە لە هەبوون» [ئیبن سینا، داڕێژراوەتەوە]
- «هەبوون لە واقعیەتدا بەهێزتر و گرنگترە لە هەبوون تەنها لە زەیندا» [سەنت ئانسێلم، داڕێژراوەتەوە]
- «هەبوون کەماڵ (پێگەیشتوویی)ـە[5]» [دێکارت، داڕێژراوەتەوە]
- «بوون بارێکی[6] لۆژیکییە نە واقعی» [کانت، داڕێژراوەتەوە]
- «بوون بێناواخنترین و دەرهەستترینی هەموو کاتەگۆرییەکانە» [هێگل، داڕێژراوەتەوە]

---

1. being as such
2. existence
3. not-being
4. Essence
5. perfection
6. predicate

- «سەلماندنی هەبوون لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە نکۆڵی لە ژمارەی سیفر» [فرێگە][1]
- «هەمەکییەکان بوونیان نییە، بەڵکوو بە بوونەوە پەیوەستن.» [ڕاسێل، داڕێژراوەتەوە]
- «هەبوون واتە بڕی بگۆڕێکی[2] سنووردار.» [کواین]
- «پلەی بوونی بەرناسێک هاوتەریبە لەگەڵ سروشتیبوونی چۆنبوونی ئەو شتە»[3] [مەک دەنیێل]

ســەرەڕای ئەوە، وا دیارە ئاوەزمەندانەیە گەر بڵێین لێکۆڵینەوە لەمەڕ نە-بوون سەر بە تەوەری «بوونە ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە» و لەم ڕووەوە سەر بە مێتافیزیکە. (ئەم بۆچوونە لای ماینۆنگ ئاوەزمەندانە نییــە، ئەو کە دەیویســت بابەتی مێتافیزیــک بۆ «بابەتی واقعی»[4] تەســک بکاتەوە و هــەر بۆیە *تیۆریی بەرناسەکانی*[5] خۆی وەک تیۆرییەکی مێتافیزیکی ڕەچاو نەدەکرد. کەچی، بەپێی پێناسەی مێتافیزیک لە وتاری ناوبراودا، ئەو تێزەی ماینۆنگ کە «بار سەربەخۆیە لە بوون» [داڕێژراوەتەوە] بە شێوەیەکی بەرچاو مێتافیزیکییە.)

بابەتگەلی «هۆکارە ســەرەتاییەکان» و «شتە نەگۆڕەکان» بەردەوام سەرنجی مێتافیزیکزانانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، هەرچەند ئێستا وا نابینرێت کە ئەو بابەتانە هیچ پەیوەندییەکی گرینگیان بە بابەتی «بوون ئەو جۆرەی کە بۆخۆی هەیە» هەبێت. بەپێی هەر بۆچوونێک لەمەڕ مێتافیزیک، ســێ ڕێگای یەکەمی *پێنج ڕێگای*[6] ئاکویناس ئارگیومێنتگەلی مێتافیزیکین. هەروەها، ئەو تێزەی کە هیچ هۆکارێکی سەرەتایی لە ئارادا نییە و ئەو تێزەیش کە هیچ شتێک نییە کە نەگۆڕ بێت، وەک دوو تێزی مێتافیزیکی دێنە ئەژمار، چونکــە بەپێی بۆچوونــی هەنووکە لەمەڕ مێتافیزیک، نکۆڵی لە تێزێکــی مێتافیزیکی بۆخۆی تێزێکی مێتافیزیکییە. هیچ فەیلەسووفێکی پاش-سەدەکانی ناوەڕاست شتێکی لەم چەشنە ناڵێت:

> من لێکۆڵینەوە لەســەر هۆکارە سەرەتاییەکانی شــتەکان دەکەم و کەواتە مێتافیزیکزانم. د. مەک زێدی هاوکارم نکۆڵی لەوە دەکات کە هیچ هۆکارێکی سەرەتایی هەبێت و هەر بۆیە

---

1. Frege
2. variable
3. the naturalness of its mode of existence
4. the actual
5. Theory of Objects
6. *Five Ways*

> مێتافیزیکزان نییە؛ ناوبراو پتر دژەمێتافیزیکە. بە بۆچوونی مەک زێد، مێتافیزیک زانستێکە وەک ئەستێرەناسی کە بابەتەکەی بوونی نییە.

ئەم تایبەتمەندییە سەبارەت بە پێناسەی مێتافیزیک لە سەردەمی هاوچەرخدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە لێدوانێکی سارتردا تیشک خراوەتە سەری:

> «من لـە نکۆڵیکردن لـە بوونی خودا لـە لایبنیتز کە بوونـی ئەوی دەچەسـپاند، خۆم بە مێتافیزیکزانێکی کەمتر لەو نازانم.» (١٩٤٩: ١٣٩).

دژەمێتافیزیک بە واتا هاوچەرخەکەی، ئەو فەیلەسووفە نییە کە نکۆڵی لەوە بکات کە جۆرە شتانێک هـەن کە فەیلەسـووفێکی پێش ئـەو لەوانەیە وەک بابەتـی مێتافیزیک دیاریی کردبـن (وەک هۆکارە سەرەتاییەکان، شتە نەگۆڕەکان، هەمەکییەکان، جەوهەرەکان و هتد)، بەڵکوو فەیلەسووفێکە کە نکۆڵی لە ڕەوایی ئەو پرسیارە دەکات کە ئایا شتانێکی لەو چەشنە هەن یان نا.

سێ تەوەری سەرەکی –واتە سرشتی بوون؛ هۆکارە سەرەتاییەکانی بوونەوەران؛ شتە نەگۆڕەکان– پاش ئەرەستوو وەک تەوەری لێکۆڵینەوەی مێتافیزیکزانان مانەوە. تەوەرێکی تر، کە لە بەشی دواییدا باسی لێوە دەکرێت، لە لای ئەرەستوو و شوێنکەوتووەکانیەوە جێگەوپێگەیەکی مامناوەندی هەیە.

## ٢.٢. کاتەگۆرییەکانی بوون و هەمەکییەکان

ئێمەی مرۆڤ شـتەکان بەسەر چینگەلی جۆراوجۆردا دابەش دەکەین. و زۆرجار لامان وایە کە ئەو چینانەی کە شتەکانی بەسەردا دابەش دەکەین چەشنێک یەکێتیی هەناوییان[1] پێکەوە هەیە. لەم ڕووەوە، لە دەستەکان[2] بەتەواوی جیاوازن. (و گومان لەسەر ئەوانی دیکە نییە. بە نموونە، وا دیارە کە بیر لە چینگەلێک دەکەینەوە کە شـتەکان لە ژێریاندا پۆلێن دەکەین –وەک جـۆرە[3] بایۆلۆژیکییەکان– وەک کۆکەرەوەی ئەندامگەلێکی جیاواز لە کاتگەلێکی جیاوازدا.) ئەو چینانەی کە شـتەکان لە ژێریاندا پۆلێن دەکەین، بە

1. internal unity
2. sets
3. species

زۆرینە چینگەلی «سروشتی»ن، ئەو چینانەی کە ئەندامێتییان تا ڕادەیەک یەکبیچمە[1] -«چەشنەکان»[2]. ئێمە لێرەدا هەوڵ نادەین شرۆڤە یان پێناسەیەک لە [تێگەی] «چینی سروشتی» بکەین. نموونەکان دەبێ بەس بێت. بەدڵنیاییەوە، دەستەگەلێک هەن کە ئەندامەکانیان چینگەلی سروشتی پێک ناهێنن: دەستەیەک کە هەموو سەگەکان لە خۆ دەگرێت جگە لە یەکێکیان و دەستەیەک کە هەموو سەگاکان و تەنها پشیلەیەک لە خۆ دەگرێت، لە ڕوانگەی هیچ کەسەوە لەگەڵ هیچ چینێکی سروشتیدا یەک ناگرێتەوە. و فریودەرانەیە وا بزانین کە واتایەک لە «سروشتیبوون» هەیە کە تێیدا سەگەکان چینێکی سروشتی پێک دێنن و وا بزانین کە بە دابەشــکردنی جیهان بەسەر سەگاکان و بوونەوەرەکانی تردا، خەریکین «سروشت لە جومگەکانیدا لێک دەترازێنین». بەڵام، ئەوە تێزێکی فەلسەفیی شیاوی سەرنجە کە ئایدیای چینێکی سروشتی ناتوانێت لەژێر لێکۆڵینەوەی فەلســەفی قوتاری بێت. ئەگەر ئەو تێزە شیاوی ســەرنجە ڕاست بێت، ئەوا تەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون» زڕەتەوەرە[3]. بێن با بەســاکاری وای دانێین کە ئەو تێزە شــیاوی سەرنجە هەڵەیە و گریمانەمان وا بێت کە شــتەکان دەکەونە ژێر چینگەلێکی سروشتیی جیاوازەوە -لەمەبەدوا، بەساکاری [دەڵێین] چینەکان.

هەندێــک لەو چینانەی کە شــتەکان لــە ژێریاندا پۆلێــن دەکەین، لەوانی تر گشــتگیرترن: هەموو سەگەکان ئاژەڵن، بەڵام هەموو ئاژەڵەکان سەگ نین؛ هەموو ئاژەڵەکان بوونەوەری زیندوون، بەڵام هەموو بوونەوەرە زیندووەکان ئاژەڵ نین. ئێستا ڕستەی «پۆلێنبەندیکردنی شتەکان» ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چینێکی ئێجگار گشتگیرتر هەیە: چینی شتەکان، چینی ئەو شتانەی کە دەتوانین لەژێر چینی جۆراوجۆردا پۆلێنی بکەین. بەڵام ئایا وایە؟ -و ئەگەر وەها بێت، ئایا چینگەلێک هەن کە لەم چینە دنیاداگرە «بەس هەندێک گشــتگیربوونیان کەمتر» بێت؟ ئەگەر هەبن، ئایا دەتوانین بیانناســین؟- و ئایا ژمارەیــان بەرین (لەوانەیە تەنانەت بێکۆتایی)یە، یان ژمارەیەکی تا ڕادەیک گەورە و تێکەڵوپێکەڵە وەک چل و نۆ، یان ژمارەیەکی هەندێــک بچووک و بێگرێیــە وەک حەوت یان چوار؟ بێــن با هەر یەک لەو چینە کەمتر گشــتگیرانە ناوی «کاتەگۆرییەکانی بوون» یان «کاتەگۆرییە بووناســییەکان»ی لێ بنێین. دەســتەواژەی یەکەم، گەر دووهەمیش وا نەبێت، پێشــوەختە هەڵوێستێکی تایبەت بە کەسێک گریمانە دەکات کە لە سرشتی بوون

1. uniform
2. kinds
3. pseudo-topic

دەپرسێت: ئەوەی کە هەموو شت، ئەوەی کە چینی دنیاداگر[1] چینی بوونەوەرانە، چینی ئەو شتانەیە کە هەن. بەم شێوەیە پێشگریمانەی ئەوەیە کە ماینۆنگ هەڵە بوو کە دەیگوت «شتانێک هەن کە سەبارەت بەوان ڕاستە بڵێین ئاوەها شتانێک بوونیان نییە».)

تەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون» بەو هۆکارەی کە بە ڕەچاوکردنی پرسی هەمەکییەکان[2] دەتوانین ڕوونی بکەینەوە، دەکەوێتە نێوەندی تەوەری «سرشتی بوون» و ئەو تەوەرانەی کە دەکەونە ژێر بۆچوونی پاش-سەدە ناوەڕاستییەکان[3] لەسەر میتافیزیک. هەمەکییەکان، لە ڕاستیدا ئەگەر هەبن، لە پلەی یەکەمدا تایبەتمەندی یان چۆنێتی یان سفەتگەلێکن (وەک «بچەمێتی»[4] یان «سپێتی») کە گوایە بە شێوەیەکی گشتی لەنێو هەموو ئەندامانی چینگەلی شتەکان «ئامادەن» و پەیوەندیگەلێکن[5] (وەک «باکووریبوون») کە چما بە شێوەیەکی گشتی لە لای ئەندامانی چینگەلی زنجیرەی شتەکان بوونیان هەیە. «لە حاڵەتی یەکەمدا»: لەوانەیە شتانێک جگە لە تایبەتمەندی و پەیوەندییەکان گشتی بن، هەرچەند تایبەتمەندی و پەیوەندییەکان بابەتگەلێکن کە بە زۆرینە وەک نموونەی هەمەکییەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێت. لەوانەیە ڕۆمانی *شەڕ و ئاشتی*[6] هەمەکییەک بێت، شتێک کە بە جۆرێک لە هەر یەک لە ڕوونووسە بەرچاوەکانی ئەو ڕۆمانەدا بوونی هەیە. وێدەچێت وشەی «ئەسپ» هەمەکییەک بێت، شتێک کە لە هەر کام لە دەربڕینە دەنگییەکانی ئەو چەمکەدا هەیە. و لەوانەیشە چین یان چەشنە سروشتییەکان بۆخۆیان هەمەکی بن –چما شتێک بە ناوی «ئەسپ» یان جۆری *Equus caballus*، جیاواز لە تایبەتمەندیی دیاریکراوی «ئەسپبوون» یان «هاوشێوەییەتی»، هەیە و بە واتایەک لەهەر ئەسپێکدا «بوونی هەیە». (ڕەنگە هەندێک جیاوازیی نێوان تایبەتمەندیی «ئەسپبوون» و تایبەتمەندیی «ئەسپبوون یان پشیلەبوون» دەری بخات کە بۆچ ئەوەی یەکەمیان تایبەتمەندییەکی دیاریکراوەی چەشنێکە و ئەوەی دووهەمیان نا. پێدەچێت تایبەتمەندیی یەکەمیان بوونی هەبێت و ئەوەی دووهەمیان نا؛ لەوانەیە یەکەمیان تایبەتمەندیی پلەدووهەمی «سروشتیبوون»ی هەبێت و دووهەمیان نەیبێت؛ بگرە عەقڵ[7] لە یەکەمیان ساناتر تێبگات تا

1. the universal class
2. the problem of universals
3. post-Medieval
4. ductility
5. relations
6. *War and Peace*
7. intellect

ئەوەی دووهەم.)

ئــەم تێزە کە هەمەکییــەکان بوونیان هەیــە –یان بەهەرحاڵ «بە بوونەوە پەیوەســتن» یــان «لە بوون بەهرەمەنــدن»– بە شــێوەگەلێکی جۆراوجــۆر پێی دەگوترێت «ڕیالیــزم (واقعبڕوایی)» یــان «ڕیالیزمی ئەفلاتوونی» یان «ئەفلاتوونبڕوایی»[1]. هەر ســێ چەمکەکە جێی گومانن. ئەرەســتوو بڕوای بە واقعیەتی هەمەکییــەکان هەبوو، بەڵام لە باشــترین حاڵەتدا دژوێژانەیە گەر پێی بڵێین ئەفلاتوونبڕوا یان ڕیالیســتی ئەفلاتوونی. و «ڕیالیزم» بەتەنهایی وەک ناوێک بۆ کۆمەڵێک تێزی فەلسەفی ڕۆڵی گێڕاوە. ئەو تێزە کە دەڵێت هەمەکییەکان بوونیان نییە –بوونێکی ئەوتۆیان نییە؛ بێبەرین لە هەر چەشنە بوونێک– بە شێوەیەکی گشــتی پێی گوتراوە «نۆمینالیزم (ناوبڕوایی)». ئەم چەمکەیش جێی مشتومڕە. سەردەمانێک، ئەوانەی کە حاشایان لە بوونی هەمەکییەکان دەکرد، حەزیان لێ بوو بەم شێوەیە بدوێن:

> شــتێک بە ناوی «ئەســپبوون» لە ئارادا نییە: تەنها ناو یان ناوەکانی [*nomen, nominis*] «ئەسپ»، بەس *دەنگێکی گەروو* [بای گەروو] لە ئارادایە.

بەڵام، نۆمینالیستەکانی ئێســتا ئاگادارن، هەرچەند نۆمینالیستە پێشووەکان نەیاندەزانی، کە ئەگەر ڕستەی «ناوی ‹ئەسپ›» ئاماژە بۆ بەرناسێک دەکات، ئەو بەرناسەی ئاماژەی بۆ کراوە بۆخۆی هەمەکییەک یان شتێکی زۆر نزیک لەو چەشنەیە. ئەو شتە تەنها بای گەروو نییە و بەس، بەڵکوو پتر شتێکی هاوبەشە بۆ زۆرینەی دەنگەکانی گەروو کە ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکەن.

مشتومڕێکی لەمێژینە لە نێوان نۆمینالیستەکان و ڕیالیستەکاندا تا ئێستایش هەر بەردەوامە. زۆرینەی ڕیالیســتەکان لایان وایە کە هەمەکییــەکان یەکێک لە کاتەگۆرییەکانی بوون پێــک دێنن. بەدڵنیاییەوە، دەتوانین بەبێ هیچ بێواتاییەک باس لەســەر ئەم بۆچوونە بکەین. ڕەنگە چینێکی سروشــتی لە شــتەکان ببێــت کە هەموو هەمەکییەکان ســەر بە ئەون، بەڵام بە هەمان شــێوە شــتەکانی تریش لــە خۆ دەگرێت (و چینــی [هەمەکی] هەموو شــتەکان نییــە). لەوانەیە، بە نموونــە ژمارەکان و گوتــەزارەکان[2] هەمەکی نەبــن، و لەوانەیە ژمــارەکان و گوتــەزارەکان و هەمەکییەکان هەموویان ئەندامانی چینێک لە «بەرناســە دەرهەســتەکان»[3] بــن، چینێک کە هەندێک لە شــتەکان لە خۆ ناگرێت. یان وێدەچێت شــتێک وەک

1. platonism
2. propositions
3. abstract objects

«سپێتی/سـپیبوونی تاج مەحەل» هەبێت و لەوانەیە ئەم شتە و «سپێتی»ی هەمەکی -بەڵام نە خودی تاج مەحەل- هەر دوو سـەر بە چینی «تایبەتمەندییەکان»[1] بن. بێن با ئاوەها چینێک -بن- چینێکی[2] گونجاو لە کاتەگۆرییەکی بوونناسـانە، چینێکی سروشـتی کە نە چینی هەموو شتەکانە نە یەکێک لە کاتەگۆرییە بوونناسانەکان- ناو بنێین «بن- چینی بوونناسانە»[3]. لە ڕاستیدا، لەوانەیە هەمەکییەکان بن-چینێک لە بوون پێک بێنن و ئەندامانی کاتەگۆریی «شتی دەرهەست» بن. بەڵام دەگمەن فەیلەسووفانێک، ئەگەر نەڵێین هیچ فەیلەسـووفێک، لایـان وایە کە هەمەکییەکان ئەندامانی بن-چینی چل و نـۆن -نە ئەوەی ئەندامی کۆمەڵێک یان بێئەژمار بن-چین بن. زۆرینەی ئەو فەیلەسـووفانە کـە بڕوایان بە واقعیەتی هەمەکییەکان هەیـە، دەیانهەوێت بڵێن کە هەمەکییەکان، ئەگەر کاتەگۆرییەکی بووناسـانە پێک نەهێنن، ئەوا لانیکەم یەکێک لە بن-چینە «بەرزە»کان پێک دەهێنن. ئەگە سـەگەکان چینێکی سروشـتی ڕۆ بنێین، ئەم چینە - بەپێی پێناسەکەمان- بن-کاتەگۆرییەکی بوونناسانەیە. و ئەم چینە بێ گومان دەبێ بە بن-چینێکی چەندین بن-کاتەگۆری: *توخمی سەگشێوەکان*[4]، چینی گواندارەکان (بە واتای بایۆلۆژیکی *mammalian*) و بەم چەشنە لە ڕێگای بن-کاتەگۆرییەکانەوە کە لە ئاکامدا دەگات بە هەندێک بن-کاتەگۆریی گشتیی وەک «جەوهەر» یان «شـتی ماددی». کەواتە، هەرچەند لەوانەیە سەگەکان بن-کاتەگۆرییەکی بوونناسانە پێک بهێنن، ئەم بن-کاتەگۆرییە -بەپێچەوانەی کاتەگۆریی «هەمەکی»- یەکێک لە کاتەگۆرییە «ئاستنزمەکانە». ئەم تێڕامانانە دەری دەخەن کە تەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون» دەبێ بە جۆرێک لێی ورد بینەوە کە هەم کاتەگۆرییەکانی بوون *بەتەواوی* و هەمیش بن-کاتەگۆرییە ڕاستەوخۆکانیان لە خۆ بگرێت.

ئایا تەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون» سەر بە مێتافیزیک بە واتا «کۆنە»کەین؟ بەپێی ئەو واقعیەتەی کە *تیۆریی فۆرمەکان* (هەمەکییەکان، تایبەتمەندییەکان)ی ئەفلاتوون بابەتێکی بەبرەوە لە *مێتافیزیک*ی ئەرەستوودا، دەتوانین وەها شتێک بڵێین. لە کتێبی *مێتافیزیک*دا دوو تێزی سەرەکیی ئەفلاتوون سەبارەت بـە فۆرمەکان دەخرێتە بەر ڕەخنەی توندەوە: (١) ئەو جۆرە شـتانە (فۆرمـەکان)، ئەویش ئەگەر بوونیان هەبێـت، وەک یەکەمیـن بوونەوەران و «واقعیترین» شـتەکان «ناکارا/بێکەڵک»[5] دەبـن و (٢) «جیایی»

1. properties

2. subclass

3. ontological sub-category

4. the genus *canis*

5. inactive

دەکەوێتە نێوان تایبەتمەندی و سـەفەتگەلی شتەکان و ئەو شتانەی کە ئەمانە تایبەتمەندیی ئەوانن. ئێمە لێرەدا تەنها لەسەر بابەتی دووهەم لەنگەر دەگرین. بە گفتی ڕێبازە [فەلسەفییە]کان، ئەو ڕەخنەیە دەتوانین بەم شێوەیە دەربڕین: ئەفلاتوون بەهەڵە بڕوای وا بوو کە هەمەکیگەلی *ante res* (*پێش شتەکان*) بوونیان هەبووە؛ ڕوانگەی دروست ئەوەیە کە هەمەکییەکان *in rebus* (*لەنێو شتەکان*)دا هەن. بەهۆی ئەوەی کە ئەم لایەنەی پرسـی هەمەکییەکان —چ هەمەکییەکان *پێش شتەکان* بوونیان هەبێت چ *لەنێو* شتەکاندا– بە دوورودرێژی لە کتێبی *مێتافیزیک* باسی لێوە کراوە، دەکرێت پاساوێکی پتەو بۆ ئەوە بهێنینەوە کە پرسی هەمەکییەکان دەکەوێتە ژێر پێناسەی کۆن لە مێتافیزیک. (و ئەو پرسیارەی کە ئایا هەمەکییەکان، گریمان کە ئەساسـەن بوونیان هەیە، *پێش* شتەکان یان *لەنێو* شتەکاندا هەن لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە هەمان ئەندازە جێی مشـتومڕە کە لە سەدەی سـێزدەهەم و سەدەی چواری پێش زایین بوو). ئەگەر بڕیار بدەین کە پرسی هەمەکییەکان سەر بە مێتافیزیک بە واتای کۆنە، ئەوجار چونکە لە ڕێگای داسەپاندنی ئەو یاسا هاوچەرخەوە کە نکۆڵی لە هەر هەڵوێسـتێکی مێتافیزیکی بۆخۆی وەک هەڵوێستێکی مێتافیزیکی وێنا دەکرێت، بایەخمان بە پێناسـە کۆنەکە داوە؛ دەبێ بڵێین کە ئەو پرسـیارە کە ئایا هەمەکییەکان ئەساسەن بوونیان هەیە یان نا پرسـێکی مێتافیزیکییە لە چوارچێوەی پێناسـەی کۆندا –و هـەر بۆیە نۆمینالیزمیش بۆخۆی تێزێکی مێتافیزیکییە.

سـەرەڕای ئەمە، دەتوانین دژ بە پۆلێنبەندی پرسـی هەمەکییەکان وەک پرسێکی مێتافیزیک بە واتا کۆنە (بایەخپێدراوە)کەیەوە بوەسـتینەوە. چونکە پرسـی هەمەکییەکان شتێک زیاترە لەو پرسیارە کە ئایا هەمەکییەکان بوونیان هەیە یان نا و ئەو پرسـیارە کە ئایا ئەگەر بوونیان هەیە، بوونیان پێش شـتەکانە یان لەنێو شـتەکاندا. بە نموونە، پرسـی هەمەکییەکان هەروەها پرسیارگەلێک سـەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەمەکییەکان (ئەگەر پەیوەندییەک هەبێت) و ئەو شتانەی کە هەمەکی نین، ئەو شتانەی کە بە گوێرەی باو پێیان دەگوترێت هەندەکییەکان[1]، لە خۆ دەگرێت. ئەرەستوو ئەم پرسیارانە لە کتێبی مێتافیزیکدا تاوتوێ ناکات. بەم پێیە، دەتوانین بە شێوەیەکی پاساوهەڵگر ئیدعا بکەین کە تەنها بەشێک لە پرسی هەمەکییەکان (ئەو بەشەی کە تەرخان کراوە بۆ بوون و سرشتی هەمەکییەکان) سەر بە مێتافیزیک بە واتا کۆنەکەیەتی. سەردەمانێک لەوانەیە فەیلەسووفێک گوتبێتی،

«سەگبوون» شـتێکی هەمەکیی نەگۆڕە. کەواتە، پرسیار سەبارەت بە سرشتی ئەم شتە سەر

1. particulars

به مێتافیزیکه؛ زانستی ئەو شتانەی کە نەگۆڕن. بەڵام سەگەکان بوونەوەرانێکن کە گۆڕانیان بەسەردا دێت. هەر بۆیە، پرسیار لەمەڕ پەیوەندیی سەگەکان لەگەڵ سەگبوون فڕی بە مێتافیزیکەوە نییە.

بەڵام هیچ فەیلەسووفێکی هاوچەرخ تەوەرەکان بەو شێوەیە پۆلێن ناکات –تەنانەت ئەگەر بڕوای هەبێت کە سەگبوون هەیە و شتێکی نەگۆڕە. فەیلەسووفێکی هاوچەرخ –ئەگەر ئەو فەیلەسووفە لای وابێت کە پرسێکی وەها هەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو دەتوانین ناوی «پرسی هەمەکییەکان»ی لێ بنێین– پرسی هەمەکییەکان وەک پرسێکی شیاوی ئەو ناوە دەبینێت، وەک پرسێک کە چەشنێک یەکێتیی هەناویی[1] هەیە کە فەیلەسووفان هان دەدات بۆ وتوویژ لەسەر پرسێکی فەلسەفی. و هەر ئەو خاڵە بۆ تەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون»یش ڕاستە: هەر فەیلەسووفێک کە خەریکە دەڵێت پرسیاری «کاتەگۆرییەکانی بوون چین؟» پرسیارێکی واتادارە، هەر لایەنێکی ئەو پرسیارە دەبەستێتەوە بە مێتافیزیکەوە.

بێن با ئاوڕ لە هەندێک لە پرسی هەمەکییەکان کە سەبارەت بە شتە بگۆڕەکانن، بدەینەوە. (واتە، ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە هەندەکییەکانەوە هەیە –چونکە تەنانەت ئەگەر هەندەکیگەلێک هەبن کە نەگۆڕ بن، زۆرینەی ئەو هەندەکییانەی کە لە وتوویژەکان سەبارەت بە پرسی هەمەکییەکان وەک نموونە دێنە ئاراوە، شتانێکی بگۆڕن.) دوو شتی سپیی تایبەت ڕەچاو بکەن –بە نموونە تاج مەحەل و مۆنۆمێنتی واشنگتۆن. و وای دانێن کە ئەم دوو شتە هەندەکییە بەو هۆیەوە سپین (واتە سپیبوونیان بۆ ئەوەیە) کە شتێکی تر ڕادەگرن و لەگەڵ «سپێتی»ی هەمەکی پەیوەندییەکی سفتوسۆڵ و لەناسینهاتوویان[2] هەیە. هەروەتر وای دانێن کە دەتوانین ئەو پەیوەندییە لە ڕێگای چەشنێک تێڕامانی هزری یان ئەبسترەکشنەوە دیاری بکەین و (بەم کارەیش) ناوی «کەوتنە ژێر»مان[3] بۆ هەڵبژاردووە. هەموو شتە سپییەکان و تەنها شتە چەرمووەکان دەکەونە ژێر سپێتی، و کەوتنە ژێر سپێتی هەمان ئەو شتەیە کە سپیبوون دیاری دەکات. (ئێمە لە گەلێک پرسیار تێدەپەڕین کە دەبووایە بورووژێندرێن، ئەگەر پرسی هەمەکییەکانمان سەربەخۆ بخستایەتە بەر باس. بە نموونە، شینێتی و سوورێتی هەردوو تایبەتمەندیگەلی ڕەنگی شەبەنگن[4]، و سپێتی وا نییە. ئایا ئەم واقعیەتە دەرخەری ئەوەیە کە «تایبەتمەندییەکی ڕەنگی شەبەنگبوون»، وەک لەوانەیە

1. internal unity
2. identifiable
3. falling under
4. spectral

بگوترێت، هەمەکییەکی پلەدووهەمە؟ ئەگەر وایە، ئایا شینێتی «دەکەوێتە ژێر» ئەم هەمەکییە بە هەمان واتا کە ڕوونووسـێکی *لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان* [ی ویتگنشتاین] دەکەوێتە ژێر شینێتییەوە؟) لەمەڕ سپێتیی دوو شـت و سـپیبوونی تاج مەحەل چ شتێک لە ئارادایە کە ئەو واقعیەتە پاسـاو دەدات کە دووهەمیان دەکەوێتە ژێر یەکەمیان؟

ئێستا سـەبارەت بەم پەیوەندییە[1]، ئەم «کەوتنە ژێر»ە، چ دەتوانین بڵێین؟ ئایا تاج مەحەل لەوانەیە «دەسـتە»یەک لە *هەمەکییەکانی پێش شـت* بێت، و بەو هۆیە دەکەوێتە ژێر سـپێتی کە سپێتی یەکێک لـە هەمەکییەکانـی پێکهێنەری ئەو دەسـتەیە؟ یان لەوانەیـە پاژێکی[2] وەک تاج، هەرچەند لە ڕاسـتیدا هەمەکیگەلێکی پێکهێنەری هەیە، شـتێکی زیاتر لە پاژگەلـی پێکهێنەری خۆی بێت؟ ئایا گونجاوە کە تـاج پاژێکی پێکهێنەری هەبێت کـە هەمەکییەک نییە، بەڵکوو «ژێرەوڕە»[3] یـان پاژێکە کە بە واتایەک خاوەن تایبەتمەندی نییە و هەموو پاژە گشـتییە پێکهێنەرەکانی تاجی پێکەوە ڕاگرتووە و «لێکیانی گرێ داوە»؟ (ئەگەر ئەو هەڵوێسـتە بگرین، ئەوا لەوانەیە هاوڕێ لەگەڵ ئارمسـترۆنگدا (١٩٨٩: ٩٤-٩٦) بڵێین کە تاج «پاژێکی ئەسـتوور» و ژێرەوڕەکەشی «پاژێکی ناسک»ـە: پاژێکی ئەستوور و پاژێکی ناسک لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەسـتەکەیدا پێکەوە ڕەچاو دەکرێن.) یان لەوانەیە تاج پاژگەلێکی هەبێت کە نـە هەمەکین و نە ژێرەوڕە؟ ئایا وێدەچێت زۆر پەلەمان کردبێت کاتێک «پاژەکان»مان[4] وەک شـتانێک پێناسە کردووە کە هەمەکی نین؟ ئایا ئەگەری هەیە دوو جۆر نا-هەمەکی، واتە نا-هەمەکییە بەرهەستەکان[5] یـان هەندەکییە بەرهەسـتەکان[6] (ئەوانـەی کە هەندەکین وەک ئەسـتوور یان ناسـک)، و نا-هەمەکییە دەرهەسـتەکان[7] یان هەندەکییە دەرهەسـتەکان[8] (وەک «ڕووداوەکان/عەرەزەکان»[9] یـان «خوازەکان»[10]

1. relation
2. constituent
3. substrate
4. particulars
5. concrete non-universals
6. concrete individuals
7. abstract non-universals
8. abstract individuals
9. accidents
10. tropes

یـــان «نموونەگەلی خاوەندارێتی») لە ئارادا بن، شـــتانێک کە تایبەتمەندی یـــان چۆنێتین (وەک خودی پەیوەندییەکان)، شتانێک وەک «سپێتی (هەندەکی)ی تاج مەحەل»؟ ئایا لەوانەیە تاج کۆمەڵێک ڕووداو/ عــەرەز بێت نە کۆمەڵێک هەمەکی؟ یان ئەوەی لە ژێرەوەڕەیەک و دەســتەیەک ڕووداو پێک هاتووە؟ و ئێمە ناتوانین ئەو ئەگەرە پشــتگوێ بخەین کە ئەرەســتوو لەوانەیە بەرهەق بووە لەوەی کە هەمەکییەکان تەنها *لەنێو شتەکاندا* بوونیان هەیە. ئەگەر وەها بێت، دەبێ بپرسین لە نێوان ماددەیەک کە بۆخۆی پاژێک پێک دەهێنێت و هەمەکیگەلێک کە سرشتی ئەو شــتەن -کە هاوکات «لەم» ماددەیە و «لەو» ماددەیەدا هەن، چ پەیوەندییەک هەیە.

ئەو کۆمەڵە پرســیارە کە لە پەرەگرافی پێشــوودا خرانە ڕوو، دەرەنجامی ئەو تێبینییە بوو کە پرســی هەمەکییەکان هەم پرســیارەکان ســەبارەت بە بوون و سرشــتی هەمەکییەکان لە خۆ دەگرێت و هەمیش ئەو پرســیارانەی کە چۆن هەمەکییەکان لەگەڵ ئــەو پاژانەی دەکەونە ژێریان پەیوەندییان هەیە. زۆرێک لــەو تیۆرییانەی کە لەو زنجیرە پرســیارانەدا ئاماژەیــان پێ کرا، دەتوانیــن وەک تیۆریگەلی «پێکهاتەی بووناســانە»ی[1] نا-هەمەکییەکان وەســفیان بکەین. دەتوانین پێکهاتەی بووناســانە لە هەنبەر پێکهاتەی پاژناســانەوە[2] دابنێین. پرسیاری فەلسەفی تەنها ئەوکاتە سەبارەت بە پێکهاتەی پاژناسانەی بەرناسێکە، کە لەمەڕ پەیوەندیی نێوان ئەو بەرناسە و ئەو پاژە پێکهێنەرانەی پرسیار بکات کە سەر بە هەمان کاتەگۆریی بووناســانەی بەرناســەکەن. بە نموونە، فەیلەسووفێک کە پرســیار دەکات کە ئایا تاج مەحەل ئەساسەن یان بەهەڵکەوت لە بەین پاژەکانی خۆیدا بلووکێکی مەڕمەڕی تایبەتی هەیە، لە ڕاستیدا خەریکە پرسیار ســەبارەت بە پێکهاتەی پاژناســانەی تاج دەکات، چونکە بلووکەکە و بیناکە ســەر بە یەک کاتەگۆریی بووناســانەن. بەڵام فەیلەسووفێک کە دەپرسێت کە ئایا تاج «ســپێتی» وەک پاژێکی پێکهێنەر هەیە و فەیلەســووفێک کە گریمان دەکات کە تاج ئەم پاژە پێکهێنەرەی هەیە و دەپرسێت، «سرشتی پەیوەندیی ‹پــاژی پێکهێنەر› کە ‹ســپێتی› لەگــەڵ تاج هەیەتی، چییە؟» خەریکە پرســیار ســەبارەت بە پێکهاتەی بووناسانەی ئەو شتە دەکات.

زۆرێک لە فەیلەسووفان پێیان وایە کە پاژەکان بە گونجاندنیان لەنێو پێکهاتەی بووناسانەدا دەکەونە نێو چوارچێوەی هەمەکییەکانەوە. و فەیلەســووفانی دیکەش وای بۆ چوون کە پێکهاتەی بووناســانەی

1. ontological structure
2. mereological structure

پاژێک، تایبەتمەندییە تاکییەکان یان عەرەزەکان لە خۆ دەگرێت –و عەرەزێک عەرەزی پاژێکی تایبەتە، تەنها بەهۆی ئەوەی کە پاژێکە لە پاژە پێکهێنەرەکانی ئەو پاژە.

لایەنگرانی بوونی *ante res* (*لەپێشـــی*) هەمەکییەکان، و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە نکۆڵی لە پاژە پێکهێنەرەکانی ئەو هەمەکییانە دەکەن، بەرەو ئەو گریمانەیە دەکشێن کە هەمەکییەکان فراوانن –ئەوەی کە نەتەنها هەمەکیگەلێکی وەک ســپێتی هەن، بەڵکوو هەمەکییەکی وەک «هاوکات سپی و خڕ و هەروەها ڕووناک بوون یان لە زیو ســازنەکراو»یش هەیە. لایەنگرانی تیۆرییەکانی تری هەمەکییەکان، شــەبەنگی ئــەو هەمەکییانەی کە دان بە بوونیاندا دەنێن تا ڕادەیەک بە بەرتەســکتر دەزانن. لایەنگرانی [بیرۆکەی] هەمەکییەکان *لەنێو شــتەکاندا*[1] بە ئەســتەم بوونی «هاوکات ســپی و خڕ و هەروەها بریقەدار یان لە زیو نەبوون» پەسند دەکەن، تەنانەت لە نموونەیەکدا کە بەرناسێک هەیە هاوکات هەم سپی و خڕە و هەمیش بریقەدار و لە زیو سازنەکراوە (وەک تۆپێکی پلاستیکیی سپیی بریقەدار).

دوو تەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون» و «پێکهاتەی بووناسانەی بەرناسەکان» هەم پێکەوە هەمیش لەگەڵ پرســی هەمەکییەکاندا پەیوەندییەکی چڕیان هەیە. ناکرێت چارەسەرێک بۆ پرسی هەمەکییەکان بخەینــە ڕوو کە هیچ دەلالەت و دەرکەوتەیەکی بۆ تــەوەری «کاتەگۆرییەکانی بوون» نەبێت. (تەنانەت نۆمینالیزم ئەوە دەگەیەنێت کە لانیکەم بەربژێرێکی شایســتە بۆ «کاتەگۆریی بووناســانە»، نە-بوون یان هیچە). بەدڵنیاییەوە، دەکرێت بڵێین کە کاتەگۆریگەلێکی بووناســانە هەن کە ڕاســتەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ پرسی هەمەکییەکاندا نییە (وەک «گوتەزار»، «دۆخی شتەکان»[2]، «ڕووداو»، «*ئەگەری پەتی*»)، بەڵام هەر فەیلەســووفێک کە بڕوای وا بێت، هاوکات لەســەر ئەوەیە کە ئەگەر هەمەکییەکان بوونیان هەبێت، لانیکەم یەکێک لە بن-کاتەگۆرییە بەرزە بووناســانەکان پێک دەهێنــن. و وێدەچێت کە تەنها ئەوکاتە دەتوانین باس لە پێکهاتەی بووناسانە بکەین کە گریمانەمان ئەوە بێت کە شتانێک سەر بە کاتەگۆریگەلی جیاوازی بووناسانە هەن. لەم ڕووەوە، هەر تێڕاونینێک لەسەر مێتافیزیک دەبێ هەموو لایەنەکانی پرسی هەمەکییەکان و هەمــوو ڕەهەندەکانی تەوەرگەلی «کاتەگۆرییەکانی بوون» و «پێکهاتەی بووناســانەی بەرناسەکان» بەسەر کاتەوە. بۆ لێکدانەوەی ئەم دواییانەی ئەو پرسانە کە لەم بەشەدا خرانە بەر باس، بڕوانە: (لۆوی، ٢٠٠٦).

1. *in rebus* universals

2. state of affairs

ئێستا ئاوڕ لە بابەتێک دەدەینە کە بەتەواوی سەر بە «کاتەگۆرییەکانی بوون»ـە، بەڵام بەهۆی گرنگییەکەیەوە دەشێ بەجیا بپەرژێینە سەری.

## ٣.٢. جەوهەر

هەندێک شت (ئەگەر ئەساسەن شتانێکی وەها هەبن) تەنها «لەنێو» شتەکانی تردا بوونیان هەیە: زەردەخەنەیەک، قژکورتکردنەوەیەک (وەک بەرهەم، نەک وەک پرۆسە)، کونێک و هتد. ئاوەها شتانێک لەوانەیە لە هەنبەر ئەو شتانەوە دابنرێن کە «سەربەخۆ بۆخۆیان»[1] بوونیان هەیە. میتافیزیکزانەکان ئەو شتانەی کە سەربەخۆ بۆخۆیان بوونیان هەیە پێیان دەڵێن «جەوهەر». ئەرەستوو پێی دەگوتن *protai ousiai* یان «هەبووە یەکەمەکان»[2]. ئەو هەبووانە گرینگترین کاتەگۆرییە بووناسانەکانی ناوبراو پێک دێنن. *protai ousiai* [*هەبووە یەکەمەکان*] چەند تایبەتمەندییان هەیە: بنەی بارێکن[3] کە بۆخۆیان نابن بە باری شتەکان (واتە هەمەکی نین)؛ شتەکان «لەنێو» ئەواندا بوونیان هەیە، بەڵام بۆخۆیان «لەنێو» شتەکاندا نین (واتە عەرەزگەلێکی وەک ژیریی سوقرات یان بزەی پڕلەتوانجی ئەو نین)؛ سرشتگەلێکی دیاریکراویان هەیە. دەتوانین ئەو تایبەتمەندییە دواییە بە زمانی ئەمڕۆیی بەم شێوەیە داڕێژینەوە: ئەگەر *prote ousia* [*هەبووی یەکەم*]ی x لە کاتێکی دیاریکراودا بوونی هەبێت و [*هەبووی یەکەم*]ی y لە کاتێکی دیاریکراوی تردا، گونجاوە بپرسین کە ئایا x و y یەک شتن، لەڕووی ژمارەوە یەکێکن (و ئەو پرسیارەش دەبێ وەڵامێکی دیاریکراوی هەبێت)؛ و ئەو پرسیارەش کە ئایا *prote ousia* [*هەبوویەکی یەکەمی*] تایبەت لە کۆمەڵێک بارودۆخی دژەواقیعدا[4]، گونجاوە بوونی ببێت، دەبێ بە هەمان شێوە وەڵامێکی هەبێت (لانیکەم ئەگەر بارودۆخەکان بە شێوەیەکی تەواو دیاریکراو بن -ئەگەر بە نموونە، جیهانێکی ڕێگەتێچوو/مومکین[5] پێک بهێنن. لە بەشی دواییدا، لەسەر ئەم بابەتە زۆرتر دەکۆڵینەوە). ئەستەمە وای دانێین کە زەردەخەنەکان یان کونەکان ئەو جۆرە ناسنامە[6] دیاریکراوەیان هەیە. پرسیار لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو بزەیەی کە سوقرات ئەمڕۆ کردی هەمان ئەو بزەیە کە دوێنێ کردی (یان هەمان

1. in their own right
2. primary beings
3. subjects of predication
4. counterfactual
5. possible world
6. identity

ئەو بزەیەیە کە کاتێک کریتۆن یەکێک لە پرسیارە ساکارە سەرنجڕاکێشەکانی دەپرسی، دەیکرد)، تەنها پرسیارێک سەبارەت بە ناسنامەی وەسفییە[1] و بەس.

ئەرەستوو '*ousia* (*prote*)' نەتەنها وەک ناوێکی لەژماردنهاتوو، بەڵکوو وەک ناوێکی گشتی (لەژماردننەهاتوو) دەکار دێنێت. (ناوبراو بەگشتی دەنووسێت «*ousia*[سرشت، چییەتی، زات، ماهیەت]» بەبێ هیچ ئاوەڵکارێک، کاتێک کە لای وایە کە بەستێنەکە بۆخۆی دەری دەخات کە مەبەست '*prote ousia*'یە.) بە نموونە، ئەرەستوو نەتەنها پرسیارگەلێکی لەم چەشنە دەپرسێت کە «ئایا سوقرات *ousia* (*prote*)یەکە؟» و «*ousia* (*prote*)یەک چییە؟»، بەڵکوو ئاوەها پرسیارگەلێکیش دەپرسێت: «*ousia* (*prote*)ی سوقرات چییە؟» و «*ousia* (*prote*) چییە؟» (ئەو پرسیارەی کە ناوبراو خەریکە دەیپرسێت، هەندێک جار دەبێ لە بەستێنەکەی [واتە لە چوارچێوەی زمانی یۆنانیدا] ڕایکێشینە دەرێ، چونکە لە زمانی یۆنانیدا پێناسەی نەناسراو[2] بوونی نییە). ئەرەستوو کاتێک ئەو چەمکە وەک ناوێکی لەژماردنهاتوو بەکار دێنێت، تا ڕادەیەک هەندێک لە *ousia* (*prote*)کان لەگەڵ *ta hupokeimena* یان «شتە بنچینەییەکاندا»[3] بە هاوشێوە دەزانێت. بە نموونە، سوقرات *hupokeimenon* [بنچینەیە] کە کە «دەکەوێتە ژێر» ئەو هەمەکییانەی *نێو شتەکان* و ئەو عەرەزانەی کە هەمیشە لەگەڵ ئەودا هەن. '*To hupokeimenon*' لە لاتینیدا بەرانبەرێکی نزیکی هەیە، '*substantia*'، واتە «ئەو شتەی کە لە بنەوەیە». (وا دیارە، «لەبنەوەبوون» و «کەوتنە ژێر» هەر دووکیان وەسفگەلێکی خوازەیی باشن بۆ شرۆڤەی پەیوەندییەکانی شتێک لەگەڵ تایبەتمەندی و عەرەزەکانیدا.) بەهۆی لێکنزیکیی *ousia* (*prote*) و *hupokeimena* لە فەلسەفەی ئەرەستوودا و هەروەها نەبوونی هاوواتایەکی لاتینیی گونجاو بۆ '*ousia*'، ئیدی '*substantia*' لە وەرگێڕانی لاتینیی باودا بوو بە ناوی لەژماردنهاتووی '*ousia* (*prote*)'.

ئەو پرسیارە کە ئایا لە ڕاستیدا جەوهەر بوونی هەیە یان نا، ئێستایشی لەگەڵ بێت، یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی مێتافیزیکە. چەند پرسیاری لێکنزیکی لەم بارەوە ئەمانەن: دەبێ چۆن بەوردی لە تێگەی جەوهەر تێبگەین؟ کام یەک لەو شتانەی (ئەگەر شتێک لە ئارادا بێت) لە ژیانی ڕۆژانەماندا لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبینەوە، جەوهەرن؟ ئەگەر ئەساسەن جەوهەر بوونی هەیە، چەندی لێ هەیە؟ – ئایا وەک سپینووزا لای وا بوو، تەنها یەک جەوهەر هەیە یان ئەو جۆرەی کە ئاوەزبڕواکان گریمانەیان

1. descriptive identity
2. Indefinite article
3. underlying things

دەکرد، گەلێک جەوهــەر لە ئارادایە؟ چ جۆر جەوهەرێک بوونیان هەیە؟- ئایا جەوهەرگەلی ناماددی، جەوهەرگەلی هەتاهەتایی، جەوهەرگەلێک کە بوونیان پێویستە (واجب‌الوجود) هەن؟

دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە هیچ پێناسەیەکی بەگشتی پەسندکراو و دەقیق لەسەر «جەوهەر» نییــە. بەپێی ئەوەی کە چۆن لەو چەمکە (یان تێگەیە) تێدەگەین، دەتوانین بڵێین کە هیووم نکۆڵیی لەوە دەکرد کە هیچ جەوهەرێک هەبێت یــان لای وا بوو جەوهەرەکان (یان تەنها ئەو جەوهەرانەی کە ئێمە دەیانناسین) هەمان کارتێکەریی هەستەکان[1] و ئایدیا (وێنا)کانن. سەرەڕای ئەوە، وێدەچێت کە زۆرینەی فەیلەســووفانێک کە دەیانەوێت چەمکی «جەوهەر» بەکار بێنن، لە بنەڕەتدا حاشا لە جەوهەربوونی هەر یەک لەو بابەتانەی خوارەوە دەکەن (ئەویش ئەگەر بوونیان هەبێت):

- هەمەکییەکان و بەرناســە دەرهەســتەکانی تر (دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ڕەخنەی ئەرەستوو لە ئەفلاتــوون بۆ ئەوە بوو کە ئەفلاتوون لای وا بوو کە *protai ousiai*، هەمەکیگەلێکن کە پێش *شتەکان* هەن.)
- ڕووداوەکان، پرۆســەکان یان گۆڕانەکان. (بەڵام هەندێک لــە مێتافیزیکزانەکان بڕوایان وایە کە جەوهەر/عەرەز دوولانەیەکی هەڵەیە.)
- کەلوپەلە ماددییەکان، وەک گۆشت، ئاســن یان کەرە. (بەداخەوە لای خوێندکارانی سەرەتایی مێتافیزیک، واتای باوی «جەوهەر» دەر لە بواری فەلســەفە هەمان ماددەیە. ئەرەســتوو ڕەخنەی لە «فەیلەســووفانی سروشــتی» دەگرت بۆ ئــەوەی گریمانەیان دەکرد کــە *prote ousia* دەبێ ماددەیەک -ئاو، هەوا یان خاک- بێت.)

سرشــتی بوون، پرسی هەمەکییەکان، و سرشتی جەوهەر، تا ڕادەیەک لە لایەن هەر کەسێکەوە کە لە چەمکی مێتافیزیک کەڵکی وەرگرتووە، وەک تەوەرگەلێک ناسێندراون کە سەر بە «مێتافیزیک»ن. ئێمە ئێستا ئاوڕ لەو تەوەرانە دەدەینەوە کە تەنها بە واتای پاش-سەدە ناوەڕاستییەکان سەر بە مێتافیزیکن.

---

1. impressions

## ٣. پرسەکانی مێتافیزیک: مێتافیزیکی «نوێ»

### ١.٣. ئاراستەمەندی

فەیلەسووفان دەمێکە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە جیاوازییەکی گرنگ لەنێو دەستەی گوتەزارە ڕاستەکاندا هەیە: جیاوازیی نێوان ئەو گوتەزارگەلەی کە لەوانەیە هەڵە بن و ئەوانەی کە ناتوانن هەڵە بن (ئەوانەی کە دەبێ ڕاست بن). بە نموونە، ئەو گوتەزارەی کە پاریس پێتەختی فەڕەنسایە و ئەو گوتەزارەی کە لە نێوان هەر ژمارەیەکی گەورەتر لە یەک و دوو بەرانبەرەکەی ژمارەی یەک هەیە، پێکەوە هەڵسەنگێنن. هەردوو ڕاستن، بەڵام یەکەمیان دەکرا هەڵە بێت و دووهەمیان ناکرێت هەڵە بێت. بە هەمان شێوە، جیاوازییەک لەنێو دەستەی گوتەزارە هەڵەکانیشدا هەیە: لە نێوان ئەوانەی وا دەکرا ڕاست بن و ئەوانەی وا نەدەکرا ڕاست بن (ئەوانەی کە دەبێ هەڵە بن).

هەندێک لە فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاست، وای بۆ دەچوون کە ئەو واقعیەتەی کە گوتەزارە ڕاستەکان دوو جۆرن، «بەدڵنیاییەوە ڕاست» و «بەئەگەرەوە ڕاست»، (هەمان واقعیەت لەمەڕ گوتەزارە هەڵەکانیشەوە هەیە)، دەرخەری ئەوەیە کە دوو «حاڵەت»[1] هەیە کە گوتەزارێک تێیدا دەتوانێت ڕاست (یان ناڕاست) بێت: حاڵەتی ئیمکانی/ڕێکەوت[2] و حاڵەتی زەرووری/پێویست -بەم هۆیەوەیە کە چەمکی «ئاراستەمەندی (مۆداڵیتی)»[3] دێتە کایەوە. فەیلەسووفانی ئێستاکە چەمکی «ئاراستەمەندی»ی سەدەکانی ناوەڕاستیان ڕاگرتووە، بەڵام هەنووکە جگە لە «سەر بە ڕێکەوت و پێویست» واتایەکی دیکەی نییە. جۆرەکانی ئاراستەمەندیی پەسندکراوی مێتافیزیکزانەکان دابەش دەبن بەسەر دوو دەستەدا: ئاراستەمەندیی *de re* (شتپێوەر)[4] و ئاراستەمەندیی *de dicto* (*گوتەزارپێوەر*)[5].

ئاراستەمەندیی *گوتەزارپێوەر* ئاراستەی گوتەزارەکانە ('*dictum*' بە واتای گوتەزار یان شتێکی نزیک لەو بابەتەیە). ئەگەر ئاراستەمەندیی دەقاودەق لەگەڵ ئاراستەمەندیی *گوتەزارپێوەر*دا هاوتەریب بوایەت، لانیکەم ئەم هەڵوێستە گونجاو دەبوو کە تەوەری ئاراستەمەندی سەر بە لۆژیکە تا مێتافیزیک.

1. mode
2. contingency
3. modality

٤. ئەو ئاراستەیەی کە ئاماژە بۆ خودی شتێک دەکات. و.

٥. ئەو ئاراستەیەی کە ئاماژە بۆ ئەو گوتەیە دەکات کە سەبارەت بە شتێک دەگوترێت. و.

(لە ڕاستیدا، لێکۆڵینەوە لەسەر لۆژیکە ئاراستەمەندییەکان[1] دەگەڕێتەوە بۆ *ئانالیتیکی یەکەمی*[2] ئەرەستوو).

بەڵام گەلێک فەیلەسووفیش هەن کە لایان وایە جۆرێکی دووهەمی ئاراستەمەندی هەیە، واتە ئاراستەمەندی شتپێوەر –ئاراستەمەندی خودی شتەکان. (بەدڵنیاییەوە ئاراستەمەندی جەوهەرەکان و لەوانەیشە ئاراستەمەندی شتەکان لە کاتەگۆرییە بووناسانەییەکانی تردا). بابەتی ئاراستەمەندی شتپێوەر بێ گومان تەوەرێکی میتافیزیکییە، و ئێمە دەیخەینە پاڵ میتافیزیکی «نوێ»وە، چونکە هەرچەند دەتوانین پرسیارگەلێکی ئاراستەمەند سەبارەت بەو شتانە بپرسین کە نەگۆڕن، وەک خودا یان هەمەکییەکان، بەڵام بەشێکی زۆر لەو کارانەی لەم بوارەدا کراون لەمەڕ تایبەتمەندیگەلی ئاراستەمەندیی شتە بگۆڕەکانە.

ئاراستەمەندیی شتپێوەر دوو جۆری هەیە. یەکەمیان پەیوەندە بە بوونی شتەکانەوە –بوونی مرۆڤەکان بە نموونە. ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی وەک سالّی بڵێت: «من لەوانە بوو بوونم نەبێت»، تا ڕادەیەک هەمووان ئەو گوتەیەی سالّی وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ڕەچاو دەکەن. و ئەگەر ئەوەی ئەو خانمە گوتوویەتی ڕاست بێت، ئەوا ئەو بە شێوەیەکی ئیمکانی[3] بوونی هەیە. واتە، ناوبراو هەبوویەکی ڕێگەتێچوو و مەرجدارە: هەبوویەک کە دەکرا نەبێت. هەبوویەکی زەرووری، بەپێچەوانە بوونی جۆرێکە کە هەڵەیە بڵێین دەکرا بوونی نەبێت. ئەوەی کە ئایا بەرناسەکان هەبووگەلێکی پێویستن یان نا، یەکێک لە پرسیارە گرینگەکانی میتافیزیکی ئاراستەمەندە. هەندێک لە فەیلەسووفان تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتوون کە بڕوایان وایە کە هەموو بەرناسەکان هەبووگەلێکی پێویستن، چونکە بوونی پێویست حەقیقەتێکی لۆژیکییە کە بە ڕای ئەوان لۆژیکی ئاراستەمەندیی چەندەکیپێوەر[4] باشترینیانە. (بۆ ئاگاداری لە یەکەم پەیوەندیی مۆدێرن لە نێوان بوونی پێویست و لۆژیکی ئاراستەمەندیی چەندەکی بڕوانە: بارکان، ١٩٤٦. بارکان هیچ ئاکامگیرییەکی میتافیزیکیی لە دەرەنجامە لۆژیکییەکانی خۆی نەگرت، کەچی نووسەرانی دواتر، بەتایبەت ویلیامسۆن ٢٠١٣، ئەو کارەیان کردووە).

جۆری دووهەمی ئاراستەمەندیی شتپێوەر پەیوەندە بە تایبەتمەندییەکانی خودی شتەکانەوە. هەر وەک هەبوونی شتەکان، دارابوونی تایبەتمەندییشیان پەیوەستە بە مەرجی ئاراستەمەند[5]. ئەگەر سالّی، کە

1. modal logics
2. *Prior Analytics*
3. contingently
4. quantified modal logic
5. modal qualification

بە ئینگلیزی قسـه دەکات، بڵێت: «من لەوانە بوو تەنها بە فەڕەنسی قسە بکەم»، تا ڕادەیەک هەمووان ئەو ڕسـتەیە بە هەمان ئەندازەی ئەو گوتەزارەی کە لەوانە بوو بوونی نەبێت، ڕوون دێتە بەرچاویان. و ئەگەر ئەوەی ناوبراو گوتوویەتی ڕاست بێت، ئەوا «بە ئینگلیزی دوان» تایبەتمەندییەکە کە ئەو تەنها بە شێوەیەکی ئیمکانـی و مەرجدار یان «بە دەربڕینێکـی باوتر» تەنها بەهەڵکەوت هەیەتی. سـەرەڕای ئەوە، لەوانەیە تایبەتمەندیگەلێک هەبن کە شـتەکان بە شێوەیەکی سرشتی هەیانە. شـتێک کە بە شێوەیەکی سرشتی خاوەن تایبەتمەندییەک بێت، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییە نەبێت ئەوا ئەو شتەیش بوونی نابێت. نموونەگەلی پەیوەندیدار بە تایبەتمەندییە سرشـتییەکان مشتومڕیان لەسـەرە، زۆرتر بەهۆی ئەوەی کە شیمانەییترین نموونەکان لەمەڕ ئەوەی کە بەرناسێکی تایبەت کە ئەساسەن خاوەن تایبەتمەندییەکە، تەنها بە ڕادەی ئەم تێزە ڕێتێچوویە کە ئەو شـتە لە بنەڕەتدا ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە. بە نموونە، ئەگەر سـاڵی بەرناسێکی فیزیکی بێت، وەک چۆن فیزیکاڵیسـتەکان وای بۆ دەچن، ئەوا بۆ ئەوان زۆر ڕێگەتێچوویە کە گریمانە بکەن کە ناوبراو ئەساسـەن بەرناسـێکی فیزیکییە –بەڵام ئەوە جێگای مشتومڕە کە ئایا فیزیکاڵیستەکان مافی ئەوەیان هەیە کە وا بزانن ناوبراو بەرناسێکی فیزیکییە. و هەڵبەت هەمان شت دەتوانین، *بە هەندێک دەسـتکارییەوە*، دەرهەق بە دووفاقبڕواکان[1] و تایبەتمەندیی بەرناسێکی نا-فیزیکیبوونیش بڵێین. بە هەر حاڵ، وا دیارە کە سـاڵی یان لە سرشـتدا بەرناسـێکی فیزیکییە یان ئەساسەن بەرناسـێکی نا-فیزیکی. و گەلێک بیرمەند ئەو گریمانەیە بە ڕێتێچوو دەزانن کە (چ سـاڵی بەرناسێکی فیزیکی بێت چ نافیزیکی) ناوبراو بە شێوەیەکی سرشتی خاوەن ئەم تایبەتمەندییەیە کە «هێلکەیەکی کوڵاو نییە».

بەهێزتریـن و کاریگەرترین دوژمنی ئاراسـتەمەندی (هـەم *گوتەزاپێوەر* و هەم *شـتپێوەر*) و. ڤ. کوایـن بوو کە بەگوڕ لەو دوو تێزەی خوارەوە بەرگری دەکات. یەکەم، تەنها بەپێی تێگەی شـیکارێتی[2] (تێگەیەکی جێگای مشـتومڕ لە ڕوانگەی کواینەوە) دەتوانین لە ئاراسـتەمەندیی *گوتەزاپێوەر* تێبگەین. دووهـەم، ناتوانین بەپێی شـیکاریبوون لە ئاراسـتەمەندیی *شـتپێوەر* تێبگەین و بەم بۆنەیـەوە، ناتوانین ئەساسـەن لێی حاڵی بین. کواین بۆ ئەو ئیدعا ئەخیرە بە خستنەڕووی چەند دژنموونەی یەکلاکەرەوە بۆ ئەو تیۆرییانەی کە سرشتمەندی[3] بە واتادار دەزانن، ئیستدلال دەکات. کواین دەڵێت (١٩٦٠: ١٩٩-٢٠٠)، ئەگەر ئاراستەمەندیی *شتپێوەر* واتایەکی هەبێت، پاسکیلسوارەکان دەبێ وەک کەسانی لەڕووی سرشتەوە

1. dualists
2. analyticity
3. essentiality

دووپێ ڕەچاو بکەین –چونکە ئەو کەسانەی بڕوایان بە شیکاریبوون هەیە، گوتەزاری «پاسکیلسوارەکان دووپێن» وەک ڕستەیەکی شیکارانە لە قەڵەم دەدەن. بەڵام بیرکارەکان تەنها بە هەڵکەوت دووپێن (ڕستەی «بیرکارەکان دووپێن» بە ڕای هیچکەس شیکارانە نییە). پاشان کواین دەپرسێت ئەی سەبارەت بە کەسێک کە هەم بیرکارە و هەمیش پاسکیلسوار چی؟ ئەو کەسە هاوکات هەم لەڕووی سرشتەوە و هەمیش بەهەڵکەوت دووپێیە. بەهۆی ئەوەی کە ئەم شتە ناڕاستە، کواین وای بۆ چوو کە ئاراستەمەندیی شتپێوەر دژوێژانەیە.

سەرەڕای ئەو باسانە، زۆرینەی فەیلەسووفان هەنووکە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ئارگیومێنتی «پاسکیلسواری بیرکار»ی کواین لە لایەن سۆل کریپکی (١٩٧٢)، ئالڤین پلانتینگا[1] (١٩٧٤) و لایەنگرە جۆراوجۆرەکانی تری پرسی ئاراستەمەندیی *شتپێوەر*ەوە، بە شێوەیەکی گونجاو وەڵام دراوەتەوە. بەرگرییەکانی کریپکی و پلاتینگا لە پرسی ئاراستەمەندی بە شێوەیەکی بەرچاو میتافیزیکییە (جگە لەو شوێنانەی کە ڕاستەوخۆ دەپەرژێنە سەر ئارگیومێنتی زمانەوانیی کواین). هەردووکیان لە تێگەی جیهانی ڕێگەتێچوو بۆ بەرگری لە ژیرانەبوونی ئاراستەمەندی (هەم *شتپێوەر* و هەم *گوتەزارپێوەر*) بە بەرفراوانی کەڵک وەردەگرن. لایبنیتز یەکەم فەیلەسووفێک بوو کە «جیهانی ڕێگەتێچووی» وەک چەمکێکی فەلسەفی بەکار هێنا، بەڵام شێوەی بەکارهێنانی کریپکی و پلاتینگا لەو دەستەواژەیە جیاوازە لەوەی لایبنیتز. لای لایبنیتز، جیهانێکی ڕێگەتێچوو ئافراندنێکی ڕێگەتێچوویە: کردەوەی ئافراندنی خودا بریتییە لە هەڵبژاردنی جیهانێکی ڕێگەتێچوو لەنێو گەلێک جیهانی ڕێگەتێچوو کە دەیانئافرێنێت – جیهانی «واقعی». بەڵام، لای کریپکی و پلانتینگا جیهانێکی ڕێگەتێچوو «گشت واقعیەتێکی» ڕێگەتێچوو دەگرێتەوە. لای لایبنیتز، خودا و کردەوەکانی «بەدەرن لە» هەموو جیهانە ڕێتێچووەکان. لای کریپکی و پلانتینگا، هیچ بوونەوەرێک، تەنانەت خودایش، ناتوانێت دەر لە گشت سیستەمی جیهانە ڕێتێچووەکان بێت. جیهانی کریپکی-پلانتینگایی (KP) بە جۆرێک شتێکی دەرهەستە. با وای دانێین کە جیهانی KP ئەگەری ڕوودانی هەیە (ئەمە بیرۆکەی پلانتینگایە؛ کریپکی دەڵێت شتێکی وەها ڕوون نییە). هەر حاڵەتێکی دیاریکراوی شتێک لەبەرچاو بگرن؛ *با بڵێین پاریس پێتەختی فەڕەنسایە*. ئەم حاڵەتە گونجاوە، چونکە پاریس پێتەختی فەڕەنسایە. بەپێچەوانە، حاڵەتی *توور*[2] *پێتەختی فەڕەنسایە*، گونجاو نییە. بەڵام حاڵەتی دووهەمیش ئەگەری هەیە، چونکە ئاوەها دۆخێک [لەڕووی لۆژیکییەوە] گونجاوە. (کەواتە،

1. Alvin Plantinga
2. Tours

گونجاوبوون بۆ حاڵەتی شــتەکان وەک ڕاستی[1] وایە بۆ گوتەزارەکان: هەرچەند ئەو گوتەزارەی کە توور پێتەختی فەرەنسایە ڕاست نییە، کەچی ئاوەها گوتەزارێک ئەگەری هەیە.) دەگوترێت حاڵەتی x حاڵەتی y لە خۆ دەگرێت، ئەگەر بۆ x گونجاوبوونی نامومکین بێت و بۆ y گونجاونەبوونی نامومکین بێت. ئەگەر هــەم بۆ x هەم بۆ y گونجاوبوونیان نامومکین بێت، ئەوا هــەر یەک ڕێ لەوی دی دەگرێت. جیهانێکی ڕێگەتێچوو و گونجاو تەنها حاڵەتێکی مومکینی شــتانێکە کە بۆ هەر حاڵەتێکی شــتانی x، یان x لە خۆ دەگرێت یان وەدەری دەنێت؛ جیهانی واقعی، حاڵەتی ئەو شتانەیە کە [بوونیان] گونجاوە.

لە ڕێگای تیۆریی KPیەوە دەتوانین بەم شێوەیە وەڵامی تەحەدای کواین بدەینەوە. لە هەر جیهانێکی ڕێگەتێچوودا، هەر پاسکیلسوارێک لەو جیهانەدا دوو جێگەپێی هەیە. (بەپێی ئەو گریمانەیەی کواین کە پاسکیلسوارەکان بەحەتم دوو جێگەپێیان هەیە. وا دیارە کواین بیری لەو پاسکیلانە نەکردبووەوە کە بەپێی بارودۆخ جێگەپێکانیان دەگۆڕدرێت.) بەم حاڵەیشــەوە، بۆ هەر پاسکیلســوارێکی تایبەت، جیهانێکی ڕێگەتێچووی دیاریکراو لە ئارادایە کە ناوبراو (واتە ئەو کەسە تایبەتە) دوو جێگەپێی نییە. کاتێک ئاوڕ لەو جیاوازییە دەدەینەوە، ئیدی دەبینین کە ئارگیومێنتەکەی متمانەپێکراو نییە. بە شــێوەیەکی گشــتیتر، بەپێی تیۆریی KP، تێزگەلی سەبارەت بە تایبەتمەندییە سرشتییەکانی شتپێوەر بەحەتم شیکارانە نین؛ ئەو تێزانە واتادارن، چونکە ئیدعاگەلێک لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی بەرناسێک لە جیهانگەلی ڕێگەتێچووی جۆراوجۆر دەردەبڕن.

هەروەهــا دەتوانین لە تێگەی جیهانگەلی ڕێگەتێچوو بۆ پێناســەی زۆرێک چەمکی ئاراســتەیی تر کەڵــک وەرگرین. بە نموونە، گوتەزارێکی بەحەتم ڕاســت گوتەزارێکە کە ســەرفەنەزەر لەوەی کە چ جیهانێکی ڕێگەتێچوو لە ئارادا بێت، هەر ڕاســتە. ســوقرات هەبوویەکــی مومکینە[2]، تەنانەت ئەگەر جیهانێکی ڕێگەتێچووی ئاوەها هەبێت کە ناوبراو بوونی نەبێت کەچی ئەو جیهانە واقعی بێت، و ئەگەر سوقرات تایبەتمەندییە سرشتییەکانی «مرۆڤبوونی» هەبێت، هەر جیهانێکی ڕێگەتێچوو کە بوونی ئەوی لە خۆ گرتبێت، هەروەها مرۆڤبوونیشــی لە خۆ دەگرێت. کریپکی و پلانتینگا گوتاری ئاراستەمەندییان[3] (بەتایبەت گوتاری ئاراســتەمەندیی شــتپێوەر) بە شــێوەیەک ڕوونــتر کردووەتەوە، بــەڵام بە تێچووی خستنەڕووی بووناسییەکی ئاراستەمەند، بووناسییەکی جیهانە ڕێگەتێچووەکان.

---

1. truth
2. contingent being
3. modal discourse

بووناسـییە ئاراستەمەندییەکەی ئەوان تەنها بووناسییەکی پێشنیارکراو نییە. جێگرەوەی سەرەکی بۆ تیۆریی KP «ڕیالیزمی ئاراسـتەمەند»ە[1] کە لە لایەن دەیڤید لێویسـەوە (١٩٨٦) پێداگریی لەسەر کراوە. بووناسـیی ئاراسـتەمەندیی لێویس پەنا بۆ ئەو شـتانە دەبات کە پێیان دەڵێین جیهانە ڕێگەتێچووەکان، بەڵام ئەم «جیهانگەلە» شـتانێکی بەرهەسـتن. ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین جیهانی واقعی یەکێک لەو شتە بەرهەستانەیە، جیهانێکی لەڕووی شوێن-کاتییەوە پێکەوە گرێ دراوە و تێیدا نیشتەجێین. ئەو جیهانانەی کە پێیان دەڵێین جیهانگەلی «ناواقعی»، جیهانگەلی بەرهەسـتترن کە لەڕووی شوێن-کاتییەوە لە جیهانی ئێمـە و (لە یەکتر) جودان. لێویس لای وایە کۆمەڵێکی زۆر لە جیهانگەلی ناواقعی هەن، کۆمەڵێک کە لانیکەم ئەو جیهانانە لە خۆ دەگرن کە لەسـەر پرەنسیپێکی لەسەرڕا تێکەڵکردنەوەی داهێنەرانەوە بەدی هاتوون؛ پرەنسـیپێک کە بێ کەڵکوەرگرتن لە زمانی ئاراسـتەمەندی دەتوانین باسی لێوە بکەین (١٩٨٦: ٨٧). (هەروەهـا، لای لێویس «واقعی» دەسـتەواژەیەکی ئاماژەدەرانەیە: «کاتێک باس لە جیهانی واقعی دەکـەم، خەریکم ئاماژە بۆ ئەو جیهانە دەکەم کە لێی نیشـتەجێم -و ئەمەیـش بۆ هەر ئاخێوەرێک کە «لەنێو» هەر جیهانێکدا (یان وەک ئەندامێکی هەر جیهانێک) هەیە، ڕاستە»).

تیۆریی لێویس سەبارەت بە ئاراستەمەندیی *گوتەزارپێوەر*[2]، بە چەشنێک دەڕواتە پێش کە لانیکەم هاوتەریبـە لەگـەڵ تیۆریی KPدا: خووگی باڵندە دەشـێ ببێـت، ئەگەر خووگی باڵنـدە لە جیهانێکی ڕێگەتێچوودا هەبێت (ئەگەر ئاوەها جیهانێک خووگی باڵندەی وەک بەشێک لە خۆی هەبێت). بەڵام لەمەڕ ئاراستەمەندیی *گوتەزارپێوەر*ەوە پرسەکە جیاوازە. بەهۆی ئەوەی کە هەر بەرناسێکی ئاسایی تەنها لە یەکێک لە جیهانە بەرهەسـتەکاندا بوونی هەیە، لێویس یان دەبێ بڵێت کە هەر شتێکی ئاوەها هەموو تایبەتمەندییە سرشتییەکانی خۆی هەیە یان دەبێ ڕێکارێکی گونجاوتر بۆ ئاراستەمەندیی گوتەزارپێوەر بدۆزێتـەوە کە لەگـەڵ ڕێکاری KP هاوتـا نەبێت. ناوبراو بـژاردەی دووهەم هەڵدەبژێرێـت. بە بڕوای لێویس، هەرچەند سوقرات تەنها لە جیهانی واقعیدایە، بەڵام «هاوشێوەکانی» لە جیهانگەلێکی تردا هەن؛ هاوشـێوەگەلێک کە لەو جیهانانەدا هەمان ڕۆڵ دەگێڕن کە سـوقرات لـەم جیهانەدا دەیگێڕێت. ئەگەر هەموو هاوتاکانی سـوقرات مرۆڤ بن، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەو ئەساسـەن مرۆڤە. ئەگەر یەکێک لە هاوتاکانی هێربرێت هامفێری لە هەڵبژاردنی (هاوشێوەی) سەرۆک کۆماریی ١٩٨٦ بیباتەوە، ڕاستە بڵێین کە هامفێری دەیتوانی لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوێت.

---

1. modal realism
2. modality de dicto

جگە لە دژایەتیی بووناسانەی بەرچاو لە نێوان ئەو دوو تیۆرییەدا، لەڕووی دەرهاویشتەکانیشیانەوە بۆ فەلسەفەی ئاراستەمەندی[1] دوو جیاوازیی گرینگیان پێکەوە هەیە. یەکەم، ئەگەر لێویس ڕاست بکات ئەوا دەتوانین چەمکەکانی ئاراستەمەندی بە شێوەیەکی نموونەیی بەپێی چەمکەکانی نا-ئاراستەمەندی پێناسە بکەین، چونکە «جیهان» و هەموو دەستەواژە تەکنیکییەکانی لێویس تەنها بە کەڵکوەرگرتن لە [ڕستەگەلی وەک ] «لەڕووی شوێن-کاتی پەیوەندیدار بە»، «بەشێکە لە» و هەروەها دەستەواژەکانی تیۆریی دەستە[2] دەتوانین پێناسەیان بکەین. سەرەڕای ئەمە، لای کریپکی و پلاتینگا چەمکگەلی ئاراستەمەند ناوازە و لەپێناسەنەهاتوون یان تەنها پێناسەگەلێکیان هەیە کە وابەستەن بە چەمکە ئاراستەمەندەکانی ترەوە. دووهەم، تیۆریی لێویس دەلالەت بۆ جۆرێک دژە-ڕیالیزمی پەیوەندیدار بە ئاراستەمەندیی شتپێوەر دەکات. هۆکارەکەی ئەوەیە کە هیچ پەیوەندییەک نییە کە پەیوەندیی چوونیەک بێت –شێوە یان ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆرتر هەیە کە دەتوانین بڵێین بەرناسەکانی دوو جیهان «ڕۆڵێکی یەکسان دەگێڕن» هەر یەک لە جیهانی تایبەت بە خۆیان. کەواتە، لەوانەیە سوقرات لەژێر پەیوەندییەکی چوونیەک هاوتاگەلێکی نا-مرۆیی هەبێت و هیچ هاوشێوەیەکی نا-مرۆیی لەژێر پەیوەندییەکی تر نەبێت. و هەڵبژاردنی پەیوەندییەکی چوونیەک هەڵبژاردنێکی پراگماتیکی و قازانجپێوەرە. بەڵام بەپێی تیۆریی KP، ئەمە پرسیارێکی بەتەواوی بەرهەستە کە ئایا سوقرات لەو جیهانەی تێیدایە، مرۆڤە یان نا: وەڵامەکە دەبێ بەڵێ یان نەخێر بێت و لە هەڵبژاراردن و قازانجەکانی مرۆڤ سەربەخۆیە.

هەرجۆر لەسەر ئەم تیۆرییانە بیر بکەینەوە، ئەو کاتەی کە وەک تیۆریی سەربەخۆ لێیان دەڕوانین (وەک تیۆریگەلی ئاراستەمەندی، وەک تیۆریگەلێکی خاوەن بەڵێنی بووناسانە کە دەکرێت گومانیان لێ بکرێت)، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەو تیۆرییانە بە شێوەیەکی بەرچاو تیۆریگەلێکی مێتافیزیکین. ئەو تیۆرییانە شایەتیدەری بووژانەوەی مێتافیزیکن لە یەک لە سێ بەشی کۆتایی سەدەی بیستەمدا.

## ٢.٣. شوێن و کات

گەلێک پێش ئەوە تیۆریی ڕێژێتی[3]، کات و شوێن وەک ڕەهەند یان دەرهاویشتەگەلێک لە

1. philosophy of modality
2. set theory
3. theory of relativity

هەبوویەکی تاک، کات-شــوێن[1]، بنوێنێت، فەیلەســوفان کات و شــوێنیان وەک دوو شتی زۆر نزیک لەیەک بینیوە. (چاوخشــاندنێکی خێرا بەســەر هەر قاموســێک لە دەربڕینەکانــدا دەری دەخات کە جووتکردنی فەلســەفیانەی شــوێن و کات دەرخەری ڕوانگەیەکی سروشــتی و پێش-فەلســەفیانەیە: «جیهان بەتەنهایی بەسمان بوو و کاتیش ...»؛ «هەمووان لە کات و شوێندا نیشتەجێن»). بە نموونە، کانت لە *جوانیناسیی ترانسێندێنتاڵ* (ئەزموونتێپەڕەک)ــەکەیدا لەگەڵ کات و شوێن وەک شتانێک مامەڵەی کــرد کە دەبێ بەپێی تیۆرییەکی تاک و یەکپارچە شرۆڤە بکرێن. و تیۆریی ناوبراو ســەبارەت بە کات و شوێن، هەرچەند لە ڕەهەندگەلێکی ترەوە لەوانەیە شۆڕشگێڕانە بووبێت، بەڵام لەم ڕوانگەیەوە نموونەی شرۆڤەیەکی فەلسەفی لە کات و شوێن بوو. سەرچاوەی ئەو بڕوایە کە کات و شوێن ئەندامی یەک «جۆر»ن (و تەنها دوو ئەندامی ئەو جۆرەیشن)، هەرچییەک بێت، بەدڵنیاییەوە پرسیارگەلێکی فەلسەفیی هاوشێوە دەورووژێنن. دەتوانین بپرســین کە ئایا شــوێن لە هەموو ئاراستەیەکدا بە شێوەیەکی بێبڕانەوە و بێسنوور درێژەی هەیە، و دەیشــتوانین بپرســین کە ئایا کات لە هەر دوو «ئاراستە»کەیدا بە شێوەیەکی بێکۆتایی درێژەی هەیە. هەر وەک چۆن دەتوانین بپرسین کە ئایا ئەگەر شوێن ڕادەمەند[2] بێت، «کۆتایی»یەکی هەیە (چ سنووردار بێت چ بێسنوور)، لەمەڕ کاتیش دەتوانین بپرسین کە ئایا، ئەگەر کات ڕادەمەند و بێبڕانەوە بێت، ســەرەتایەکی هەبووە یان کۆتاییەکی دەبێت یــان لەوانەیە هیچ یەک نەبێت، بەڵکوو پتر «بازنەیی» (ڕادەمەند بەڵام بێســنوور) بێت. هەروەک چۆن دەتوانین بپرســین کە ئایا لەوانەیە دوو بەرناسی خاوەن کێشمانمان[3] هەبێت کە لەڕووی کاتەوە پێکەوە پەیوەندییان نەبێت؛ دەکرێت بپرسین کە ئایا دەکرێت دوو ڕووداو هەبن کە لەڕووی کاتەوە پەیوەندییان پێکەوە نەبێت. دەتوانین بپرسین کە ئایا شوێن (a) شتێکی واقعی –جەوهەر–ــە، شتێک کە لەوانەی شوێنمەندن سەربەخۆ بوونی هەیە، (b) یان تەنها سیستەمێکە لە پەیوەندیگەلی نێوان ئەو شتانەی لەنێو شوێندان. دەکرێت هەمان پرسیار سەبارەت بە کات و هەروەها سەبارەت بە ئاراستەمەندییش بپرســین. (بۆ لێکدانەوەی لێکچووگەلی کاتمەندی/ئاراستەمەندی بڕوانە: والاس، ٢٠١٩).

بەڵام هەروەها پرســیارگەلێکیش ســەبارەت بــە کات هەیە کە هیچ لێکچوویەکی شــوێنمەند[4] یان

1. spacetime
2. finite
3. extended
4. spatial

لانیکەم هیچ لێکچوویەکی حاشـاهەڵنەگر و بێمشـتومڕی نییە. بە نمونە، پرسـیارگەلێک لەمەڕ هۆکارە جۆراوجۆرەکانـی ناتەبایی لە نێـوان ڕابردوو و داهاتوودا هەیە -بۆچ زانیاریمان لەمەڕ ڕابردوو باشـترە تا زانیاریمان لەسەر داهاتوو؟ بۆچ ڕووداوێکی دڵتەزێن کە خەریکە ڕوو دەدات بە شێوەیەکی جیاواز لەو ڕووداوە دڵتەزێنـەی کە تـازە ڕووی داوە لێکی دەدەینەوە؟ بۆچ وا دەزانین کە هۆکارێتی ئاراسـتەیەکی کاتمەندی ناوازەی هەیە؟ لەوە ناچێت ناتەباییگەلێکی دەرهەست لەم چەشنە لەمەڕ شوێن لە ئارادا بێت.

هەروەها پرسـی تێپەڕینی کات لە ئارادایە -پرسـەکە ئەوەیە کە ئایا «جووڵە»ی ڕواڵەتیی کات (یان جووڵـەی ڕواڵەتیی خۆمان و بابەتەکانی ئەزموونمان لە درێژەی کات یان لەنێو کاتدا) تایبەتمەندییەکی واقعیی جیهانە یان چەشـنێک وەهم. لە ڕوانگەیەکەوە سەبارەت بە کات، ئاراستەیەکی کاتمەندی ناوازە هەیـە کە جیاوازیی نێوان ڕابردوو، هەنووکە و داهاتوو دیاری دەکات. تیۆریزانانی A لایان وایە کە کات لە بنەڕەتدا بەپێی جیاوازیی ڕابردوو/هەنووکە/داهاتوو پێک هاتووە. کاتەکان لە ڕابردووەوە بەرەو داهاتوو دەگۆڕدرێـن و تێپەڕیـن بەرهەمی ئەم گۆڕانەیە. (نـاوی «تیۆریزانی A» لـە ج. م. مەکتاگارت (١٩٠٨) وەرگیراوە کە بـۆ ناوی زنجیـرەی ڕابردوو/هەنووکە/داهاتوو دایناوە کە پێی گوتووە «دەسـتەی A»). لە چوارچێـوەی تیۆریی Aدا، لەوانەیە زۆرتر بپرسـین کە ئایا ڕابردوو و داهاتـوو «هەمان واقعیەتیان» هەیە کە هەنووکە هەیەتی. تیۆریزانانی هەنووکەبڕوای دەسـتەی A، وەک پریۆر (١٩٩٨)، نکۆڵی لەوە دەکەن کە ڕابردوو یان داهاتوو واقعیەتێکی بەرهەسـتی هەبێت. هەنووکەبڕواکان، لە باشترین حاڵەتدا، زۆرجار ڕابردوو و داهاتوو وەک جیهانگەلی ڕێگەتێچووی دەرهەست دەبینن -[بە ڕای ئەوان ڕابردوو و داهاتوو] حاڵەتێکن کە جیهان بـووە یان دەبێت، هەر ئەو جۆرەی کە جیهانە ڕێگەتێچووەکان حاڵەتگەلێکن کە جیهانـی واقعـی دەتوانێت ببێت. تیۆریزانانی تری دەسـتەی A، وەک سـالیڤان (٢٠١٢)، لایان وایە کە هەنووکـە لـەڕووی مێتافیزیکییەوە لەبەرترە، بـەڵام نکۆڵی لە هەر جۆرە جیاوازییەک لـە نێوان ڕابردوو، هەنووکە و داهاتوو دەکەن. بە شـێوەیەکی گشتیتر، تیۆریزانانی دەستەی A، زۆرجار ستراتێجیگەلێک لە مێتافیزیکی ئاراستەمەندی دەخەملێننە نێو تیۆرییەکانیان سەبارەت بە پەیوەندیی ڕابردوو و داهاتوو لەگەڵ هەنووکەدا.

بەپێی تیۆریگەلی دەستەی B لەسەر کات، تەنها جیاوازییەکی بنەڕەتی کە دەبێ دایبنێین ئەوەیە کە هەندێک ڕووداو و کاتەکان بە بەراورد لەگەڵ هەندێکی تر کۆنترن یان نوێترن. (ئەم پەیوەندیگەلە پێیان دەگوترێت «پەیوەندیگەلی B»، ئەم چەمکەیش لە مەکتاگارتەوە وەرگیراوە). بە ڕای بیردۆزانی دەسـتەی

B، هیچ تێپەڕینێکی بەرهەستی کات، یان لانیکەم بە واتای تێپەڕینی کات لە داهاتووەوە بۆ هەنووکە و لە هەنووکەیشەوە بۆ ڕابردوو، لە ئارادا نییە. بیردۆزانی دەستەی B بەگشتی دەڵێن کە هەموو کاتەکانی ڕابردوو و داهاتــوو واقعین بە هەمان واتا کە هەنووکە واقعییە –هەنووکە بە هیچ جۆرێک لەڕووی مێتافیزیکییەوە لەبەرتر نییە.

هەروەها ڕاســتە، و کەمیش ئاماژەی پێ دەدرێت، کە چەمکی شــوێن پرســیارگەلێکی فەلســەفی دەورووژێنێــت کــە هیــچ لێکچووگەلێکی کاتییــان نییە –یان لانیکــەم هیچ لێکچووگەلێکــی دیار و بێمشــتومڕیان نییە. بە نموونە، بۆچی شوێن سێ ئاراستەی هەیە نە چوار یان حەوت؟ بەڕواڵەت، کات لە سرشــتدا تاکڕەهەندییە و شوێن لە بنەڕەتدا ســێڕەهەندی نییە. هەروەها وێدەچێت پرسە مێتافیزیکییەکان لەمەڕ شــوێن کە هیچ لێکچووگەلێکی کاتییان نییە، بەهۆی ئەو واقعیەتەوە بێت کە شوێن بەپێچەوانەی کات، زیاتر لە ڕەهەندێکی هەیە. بۆ میناک، پرسی هاوتاگەلی نەگونجاو[1] لەبەرچاو بگرن: ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە شــوێن تەنها سیســتەمێکە لە پەیوەندییەکان، بۆ شرۆڤەی ئەو ئەزموونە ڕاستەوخۆیەمان کە دەتوانین جیهانێک کە تەنها دەستێکی چەپی تێدایە لە جیهانێک جیا کەینەوە کە تەنها دەستێکی ڕاستی تێدایە مشتومڕیانە. هەر بۆیە، وێدەچێت لایەنگرییەکی هەناوی/شهوودی دەرهەق بە شتەکان لە خودی شوێندا هەبێت. زۆر ڕوون نییە کە ئایا ئەو پرسگەلەی لەمەڕ کات کە هیچ لێکچوونگەلێکی شوێنمەندیان نییە، پەیوەندییان بە تاکڕەهەندێتیی کاتەوە هەیە یان نا.

لە کۆتاییدا، دەتوانین پرسیارگەلێک سەبارەت بەوە بپرسین کە ئایا شوێن و کات لە بنەڕەتدا واقعین –و ئەگەر واقعین، (کورد گوتەنی) تا چ ڕادەیەک واقعین. ئایا لەوانەیە شوێن و کات دوو پاژی پێکهێنەری واقعیــەت نەبــن وەک چۆن خــودا واقعیــەت دەرک دەکات، بەڵام لــە هەمان کاتــدا «دیاردەگەلێکی گونجاو و بەپاســاو» بن (وەک چــۆن لایبنیتز بڕوای وا بوو)؟ ئایا کانت بەرهــەق بوو ئەوکاتەی نکۆڵیی لە تایبەتمەندیگەلی کاتمەند و شــوێنمەندی «شتە-سەر-بەخۆکان»[2] دەکرد؟ و هەروەها ئایا کانت ڕاستی دەکرد ئەوکاتەی لای وا بوو کە شوێن و کات «فۆرمەکانی شهوود»مانن؟ یان ئەو هەڵوێستەی مەکتاگارت ڕاستە کە دەڵێت شوێن و کات بەتەواوی ناواقعین؟

ئەگەر ئەو پرســانە لەمەڕ شوێن و کات تەنها بە واتایەکی پاش-ســەدەکانی ناوەڕاستی پەیوەندییان

1. incongruent counterparts

2. things as they are in themselves

لەگەڵ مێتافیزیکدا هەیە، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ پرسـگەلی سـەبارەت بە هۆکارە سەرەتاییەکان و هەمەکییەکاندا هەیە. هۆکارە سەرەتاییەکان بەگشتی لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی وا باوەڕیان پێیانە، هەتایی و ناشـوێنن. بە نموونە، خودا –چ خودای ناتاکەکەسی ئەرەستوو و چ خودای تاکەکەسی فەلسەفەی مەسـیحی، یەهوودی و ئیسلامیی سـەدەکانی ناوەڕاست– بەگشـتی هەتاهەتایی وێنا دەکرا و دەگوترا کە خودای تاکەکەسـی لە هەموو شـوێنێکدا ئامادەیە. ئەو وتەیە کە خودا تاهەتاییە واتە یان خودا ئەبەدییە یان ئەوەی کە بە جۆرێک دەر لە کاتە. و ئەمەیش ئەو پرسیارە مێتافیزیکییە دەورووژێنێت کە ئایا لەوانەیە هەبوویەک –نە شـتێکی هەمەکی یان دەرهەست لە جۆرێکی تر، بەڵکوو جەوهەرێکی کارا– هەبێت کە ئەبەدی یان نا-کاتمەند بێت. هەبوویەکی لە هەموو شـوێن ئامادە بوونەوەرێکە کە هیچ هەرێمێکی شـوێن داگیر ناکات (تەنانەت هەموو شـوێن، ئەگەر ئێتێری[1] ڕووناکی سـەدەی نۆزدەهەم بوونـی دەبوو، داگیری نەدەکرد)، و لـە هەمان کاتدا کارتێکەریی هۆکاریێتیی ئـەو هەبووە بێ جیاوازی لە هەر ناوچەیەکی شـوێندا (بەپێچەوانەی هەمەکییەکان، کـە تێگەی هۆکاریێتی بۆیان بەکار نابرێت) لە ئارادایـە. بیرۆکەی لە هەموو جێیی بوونی خودا[2] ئەو پرسـیارە مێتافیزیکییە دەورووژێنێت کە ئایا بوونی هەبوویەک بەو تایبەتمەندییەوە مومکینە؟ هەندێک لە لایەنگرانی بیرۆکەی هەمەکیگەلی *پێش شتەکان* دەڵێن (ڕاسـت ئەو کەسـانەی کە نکۆڵی لەوە دەکەن کە هەمەکییەکان پێکهێنەری هەندەکییەکان بن)، ئەو هەمەکییانە فڕیان بەسەر شـوێن و کاتەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی «بریکارانە»یان[3] پێیانەوە هەیە: دەکرێت بڵێین هەمەکیی *پێش شـتی* «سپێتی» لە هەر شـوێنێک وا شتێکی سپی هەبێت ئامادەیە، بەڵام تەنها وەک ژمارەی دوو کە لەنێو هەر جووتێکی شـتانی شـوێنمەند ئامادەیە. هەرچەند جێگای گومانە کە ئایا ئەم هەڵوێسـتە بۆ مێتافیزیکزانێک گونجاوە کە دەڵێت شـتێکی سپی پێکهاتەیەکی بەکۆمەڵە لە سـپێتی و هەمەکیگەلێکی جۆراوجۆری تر. ئەوانەی وا بڕوایان بە بوونی هەمەکیگەلی *لەنێو شـتدا* هەیە حەز دەکەن بڵێن یان لەم ئاخرانەدا گوتوویانە کە ئەم هەمەکییانە («هەمەکیگەلی ئەزموونتێنەپەڕ»[4] ناوێکە کە ئێسـتا باوە) «فرەچەشنن» –لەو جێگایانە «بەتەواوی ئامادەن» کە ئەو شتانەی دەکەونە ژێریان، ئامادە بن. و مەبەستیشیان لەم وتەیە بەدڵنیاییەوە ئەوە نییە کە سپێتی لە زۆرینەی هەرێمە جۆراوجۆرەکانی شوێن تەنها بە شـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەیە، بەس وەک ژمارەیەک کە دەتوانین بڵێین لەو هەموو شوێنانەی

1. ether
2. The doctrine of divine omnipresence
3. vicarious
4. immanent universals

ئامادەیە کە شــتانێک لەنێو ئــەو ژمارەیەدا هەبن، تەنها بەپێی ئەوەی کە هەبوونی پەیوەندیی نا-شــوێنی «پەیوەست بووە» بە کۆمەڵێک پاژی سپێتی کە لە هەرێمێکی تایبەت لە شوێندا ئامادە بووە. کەواتە، هەموو ئەو تیۆرییانەی ســەبارەت بە هەمەکییەکانن، پرســیارگەلێک لەمەڕ چۆنێتیی پەیوەندیی کاتەگۆریگەلی جۆراوجۆری بووناسانە لەگەڵ شوێندا دەورووژێنن. و هەموو ئەو پرسیارانەیش پرسیارگەلی هاوشێوەیان لەمەڕ کات هەیە.

## ٣.٣. دەوامهێنان و پێکهاتە (پاژە پێکهێنەرەکان)

لە پەیوەندی لەگەڵ پرســیارەکان سەبارەت بە سرشتی شوێن و کاتەوە، پرسیارگەلێک لەمەڕ سرشتی ئەو شــتانە دێتە ئاراوە کە شــوێن داگیر دەکەن یان لە درێژەی کاتدا دەوام دەهێنن، و ئەم پرســیارانەش تەوەرێکی ســەرەکیی دەیکەی مێتافیزیکی پاش-سەدەکانی ناوەڕاســت پێک دێنن. ئایا هەندێک یان هەموو شــتەکان لە پاژگەلێکی گونجاو پێک هاتوون؟ ئایا شــتێک بۆ ئەوەی جێگایەک لە شــوێن «پڕ بکاتەوە» دەبێ خاوەن پاژگەلێکی گونجاو بێت -یان تەنها پاژگەلێکی خاوەن کێشمانی ساکار لە ئارادایە؟ ئایا دەتوانین زیاتر لە شتێک ڕاست لە یەک جێگادا جێ بکەینەوە؟ ئەو شتانەی خاوەن پاژگەلی کاتین، سەرەڕای گۆڕانی کات، دەوام دێنن؟

گەلێک کاری هزری لەسەر دەوامهێنان و پێکهاتە (پاژە پێکهێنەرەکان)[1] پەرژاونەتە سەر کۆمەڵێک لێپێچینەوەی لێک نزیک -لێپێچنەوەگەلێک سەبارەت بە هاوڕوودان[2]. یەکێک لەو لێپێچینەوانە «پرسی پەیکــەر و کۆگا»یە. پەیکەرێکی زێڕین لەبەرچــاو بگرن. زۆرێک لە مێتافیزیکزانــەکان لایان وایە کە لانیکەم شــتێکی ماددی هەیە کە لەڕووی شــوێنەوە لەگەڵ ئەو پەیکــەرەدا هاو-بوونە[3]، واتە کۆگایەک زێڕ. ئەوان دەڵێن بە پشتبەستن بە یاسای لایبنیتزەوە (پرەنسیپی نە-وەکیەکیی شتە لێکجیاکان[4]) بەساکاری پاســاو دەدرێت. لێرەدا پەیکەرێک و کۆگایــەک زێڕ هەیە و -ئەگەر چیرۆکــی هۆکارێتیی بەدیهاتنی پەیکەرەکە لە جۆری ئاســاییەکەی بێت- کۆگا زێڕەکە پێش پەیکەرەکە هەبووە. و تەنانەت ئەگەر خودا

1. Persistence and Constitution
2. coincidence
3. co-extensive
4. the principle of the non-identity of discernibles

پەیکەرەکــە (و بەناچار کۆگا زێڕەکە)ی *لە هیچەوە*[1] داهێنابێت و لە قۆناغێکدا پەیکەرەکە لەنێو ببات (و بەم کارەیش کۆگا زێڕەکەیش بسڕێتەوە)، مێتافیزیکزانەکان هێشتا ئیستدلال دەکەن کە پەیکەرەکە و کۆگا زێڕەکە، هەرچەند ڕاست لە یەک کاتدا بوونیان هەیە، خاوەن تایبەتمەندیگەلی ئاراستەیی جیاوازن: کۆگا زێڕەکە تایبەتمەندیی «دەتوانێت لەژێر بیچمگۆڕانی بنەڕەتی خۆی قوتار بکات»ی هەیە، پەیکەرەکە ئەو تایبەتمەندییەی نییە. یان ئەو مێتافیزیکزانانە لانیکەم دەتوانن بەو شێوەیە ئاکامگیری بکەن. بەڵام بە ڕای مێتافیزیکزانەکانی تر ئەو ئەنجامگیرییە مەحاڵە، (دەستەی دووەم دەڵێن) مەحاڵە لامان وابێت کە دەکرێت شتانێکی فیزیکیی لەڕووی شوێنەوە چوونیەک[2] هەبن کە لە هەموو تایبەتمەندییە کاتییە نا-ئاراستەییەکانی خۆیان هاوبەش بن. هەر بۆیە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر وەها پرسێک لە ئارادا بێت، کەمایەسیی ئارگیومێنتی نا-هاویەکیی پەیکەرەکە و کۆگا زێڕەکە لە چیدایە؟

لێپێچینەوەی دووهەم لەو کۆمەڵە لێپێچینەوانەدا بریتییە لە «کێشەی تیب و تیبڵز»[3]. تیبڵز پشیلەیەکە. کلکەکەی ناو بنێن «تەیڵ (کلک)». بە هەموو ئەندامێکی جگە لە کلکی بڵێن «تیب». وای دانێن کلکەکە ببڕدرێت ــیان، باشــتر بڵێین، لەناو بچێت. تیبڵز هێشــتا هەر هەیە، چونکە پشــیلەیەک پاش لەدەستدانی کلکی دەتوانێت زیندوو بمێنێتەوە. و وا دیارە کە تیب دوای «لەدەستدانی» کلک بوونی دەبێت، چونکە تیب هیچ پاژێکی لە دەســت نەداوە. بەڵام پەیوەندیی نێوان تیب و تیبڵز چی بەسەر دێت؟ ئایا دەکرێت وەکیەکی[4] بێت؟ نا، ئەم بژاردەیە لە ڕێگای [پرەنســیپی] نا-وەکیەکیی شــتە جیاوازەکانەوە وەلا دەنرێت، چونکــە تیبڵز چکۆلەتر بووە و تیب بە هەمــان قەبارە ماوەتەوە. بەڵام ئــەودەم، جارێکی تر، وێدەچێت لەگەڵ بابەتی شــتگەلی ماددیی لەڕووی شوێنەوە چوونیەک، ڕووبەڕووین کە لە تایبەتمەندییە کاتییە نا-ئاراستەییەکانیاندا هاوبەشن.

هەر دوو ئەو پرسـانەی لەمەڕ پێکهاتە، پرسـیارگەلێک سـەبارەت بە وەکیەکیی شتگەلی لەڕووی شــوێنەوە چوونیەک دەورووژێنن ــو لە ڕاســتیدا، ســەبارەت بەو شــتانەی کە لە پاژە (شــیاو)ەکانیاندا هاوبەشن. (سێهەمین کێشەی بەناوبانگی پێکهاتەی ماددی ــکێشەی گەمیی تێسێئووس[5]ــپرسیارگەلێکی

1. ex nihilo
2. coincident
3. Tib and Tibbles
4. identity
5. the Ship of Theseus

جیـــاواز دەورووژێنێت.) هەندێک لە مێتافیزیکزانەکان لایان وایە کە ناتوانین بەتەواوی بەپێی تێگەکانی پاژێتـــی[1] و (نە-)وەکیەکی لە پەیوەندیـــی نێوان کۆگا و پەیکەر لە لایەکـــەوە، و پەیوەندیی نێوان تیب و تیبڵز لە لایەکی ترەوە تێبگەین، بەڵکوو پێویســـتمان بە چەمکێکی تر هەیە، چەمکێکی نا-پاژناسانە[2] واتە تێگـــەی «پێکهاتە»: کۆگای لەپێش-هەبوو لـــە قۆناغێکی تایبەت لە کاتـــدا پەیکەرەکە پێک دەهێنێت (یـــان بڕێکی دیاریکراو لە زێڕ یان گەردیلەگەلێکی تایبەتی زێڕ کە ســـەرەتا تەنها کۆگا زێڕەکەی پێک دەهێنا، پێکهێنەری هەردووکیانە)؛ تیبی لەپێش-هەبوو لە قۆناغێکی دیاریکراو لە کاتدا تیبلز (یان گۆشت و پێســـتی پشـــیلەیەکی تایبەت یان گەردگەلێکی تایبەت) پێک دەهێنێت. (بەیکر: ٢٠٠٠ لایەنگرێکی ئەو تێزەیە). هەندێکی تر دەڵێن کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان ئەو شـــتانەی کە هەر دوو ئەو پرســـانە ســـاز دەکەن، دەتوانین بەتەواوی بەپێی پاژێتی و وەکیەکی لێکیان دەینەوە. بۆ بەسەرکردنەوەی وردتری ڕێگەچارەگەلێک بۆ ئەو لێپێچینەوانە و ئەو تیۆرییە جۆراوجۆرانەی کە ســـەبارەت بە پرســـی پێکهاتە لە ئارادان، بڕوانە: ڕێد ١٩٩٧ و تامسۆن ١٩٩٨.

## ٤.٣. هۆکارێتی، ئازادی و جەبربڕوایی (دیتێرمینیزم)

پرسیارەکان سەبارەت بە هۆکارێتی ئێستاشی لەگەڵ بێت، چوارەمین کاتەگۆریی گرینگی پرسەکانی مێتافیزیکی «نوێ» پێک دەهێنێت. هەڵبەت، باس لە هۆکارەکان بۆ فەلسەفەی کەونارا، بەتایبەت کتێبی *مێتافیزیک* و *فیزیای* ئەرەستوو دەگەڕێتەوە. بەڵام تێڕوانینی ئەرەستوو لە [دەستەواژەی] «هۆکار» واتایەکی زۆر بەرینتری هەبوو لەوەی ئێســـتا ئێمە ڕەچاوی دەکەین. لای ئەرەســـتوو، «هۆکار» یان ''*aiton*''مەرج یان بنەڕەتی لێکدانەوەیی بەرناســـێکە –وەڵامێکە بۆ پرســـیاری «بۆچی»[3] لەمەڕ ئەو بەرناســـە. ئەرەستوو چوار لەو مەرجە شرۆڤەییانە پۆلێنبەندی دەکات –فۆرمی بەرناس، ماددە یان ماکەکەی، هۆکاری بکەر و مەبەستەکەی. هۆکاری بکەری شتێک بریتییە لەو هۆکارەی کە جووڵەی ئەو شتە شرۆڤە دەکات. لەگەڵ دەرکەوتنی فیزیای مۆدێرن لە سەدەی حەڤدەهەمدا، دڵبەستەیی بۆ لای پەیوەندیگەلی هۆکارێتیی بکەر چڕتر بووەوە، و ئەو ڕەوتە ئێستاش هەر بەردەوامە. و کاتێک فەیلەسووفانی هاوچەرخ باس لە کێشەکانی هۆکارێتی دەکەن، بەگشتی مەبەستیان ئەم واتایە لە هۆکارێتی.

---

1. parthood
2. non-mereological
3. why

یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی مێتافیزیکی هۆکارێتی، تایبەتە بە *پەیوەندیی*[1] پەیوەندییە هۆکارییەکانەوە. بێن با ئاوڕێک لەو ئیدعا ئاساییە بدەینەوە: گاشەسەهۆڵێک بوو بە هۆی نوقمبوونی *گەمێکەی تایتانیک*. ئایا پەیوەندیی هۆکارێتی لە نێوان دوو ڕووداودا هەیە: ڕووداوی لێدانی گەمێکە لە گاشەسەهۆڵەکە و ڕووداوی نوقمبوونی گەمێکە؟ یان لە نێوان دوو کۆمەڵە دۆخدایە؟ یان لە بازنەی دوو جەوهەردا، واتە گاشەسەهۆڵەکە و گەمێکە، سوڕ دەخوات؟ پەیوەندییە هۆکارییەکان دەبێ سێ لایەنە بن یان چەند لایەنە؟ بە نموونە، لەوانەیە کەسێک وا بیر بکاتەوە کە ئێمە هەمیشە پێویستە ئەو ئیدعایە هۆکارییە بسەلمێنین: نەک کەمتەرخەمیی گەمێوانەکە، بەڵکوو گاشەسەهۆڵەکە هۆکاری سەرەکیی نغرۆبوونی گەمێکە بوو. و ئایا دەکرێت بزربوونی تایبەتمەندییەک لە پەیوەندییە هۆکارییەکان بێت؟ بۆ میناک، ئایا ئاوەزمەندانەیە ئیدعا بکەین کە لەبەردەستنەبوونی بەلەمی فریاکەوتن هۆکاری مردنی گەشتیارێکی پلە سێهەم بوو؟ بێرنشتاین (٢٠١٤) و سارتۆریۆ (٢٠٠٤) پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە بزربوونەکان دەتوانن ببنە هۆکار. بیبی (٢٠٠٤) لای وایە کە بزربوونەکان ڕوونکردنەوەی هۆکارێتین، بەڵام بۆخۆیان هۆکار نین.

پرسیارێکی دیکە لە ڕەوتی توێژینەوەی هاوچەرخدا هاتووەتە ئاراوە کە ئایا هۆکارێتی پلەپلەیە. بە نموونە، ئەگەر دوو کەس تەختەیەکی قورس بەرز بکەنەوە و یەکێکیان لا قورسەکەی هەڵبگرێت، ئایا ئەو کەسە لەوی تریان لە بەرزکردنەوەی تەختەکەدا ڕۆڵی زۆرتری گێڕاوە؟ بێرنشتاین (٢٠١٧) دەڵێت هۆکارێتی پلەپلەیە، بەڵام زۆرینەی تیۆرییە مێتافیزیکییەکانی هۆکارێتی ناتوانن وەڵامی ئەو بۆچوونە بدەنەوە. دێمیرتاش (٢٠٢٢) و کایزێرمەن (٢٠١٨) [لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا] هاوڕان، کەچی سارتۆریۆ (٢٠٢٠) لای وایە کە ئەو بیرۆکەیە کە هۆکارێتی بە شێوەیەکی زنجیرەپلە دەردەکەوێت، شتێکی وەهمییە و بۆ باسکردن نابێت.

هەروەتر لەوانەیە بشپرسین کە ئایا پەیوەندییە هۆکارییەکان، تایبەتمەندیگەلی دەرەکی[2] و لەدابەزاندنەنەهاتووی[3] واقیعیەتن؟ هیووم بەئاشکرا گومانی لەو بیرۆکەیە کرد و تیۆرییەکەی ئەوەیە کە

1. *relata*
2. objective
3. irreducible

بینراوەکانمان[1] لەمەڕ پەیوەندیی هۆکاریێتی هیچ نین جگە لە کارتێکەریی بەردەوام و پێکەوەبەستراوی[2] هەستەکانمان. بە نموونە، لەوانەیە وای بۆ بچین کە گاشەسەهۆڵەکان دەبنە هۆی نوقمبوونی گەمێکان تەنها بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە پاش ڕووداوی پێکدادانی گاشە سەهۆڵەکان، ڕووداوی نغرۆبوونی گەمێکانی لێ کەوتووەتەوە و نە چونکە پەیوەندییەکی هۆکاریێتیی واقعی لە نێوان گاشەسەهۆڵەکان و نوقمبوونی گەمێکاندا لە ئارادایە.

مێتافیزیکزانانی هاوچەرخ بەرەو لای جۆرەکانی تری شێوەڕوانینی دابەزاندراوەیی[3] هۆکاریێتی کشاون. هەندێک ـلەوانە ستالنەیکێر و لێویس- پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە دەبێ بەپێی پێوەبەستراوەییە[4] دژەواقعییەکان، لە پەیوەندییە هۆکارییەکان تێبگەین (ستالنەیکێر: ١٩٦٨؛ لێویس ١٩٧٣). بۆ وێنە، پێکدادانی گاشەسەهۆڵێک لە گەمییەک دەبێتە هۆی نوقمبوونی لە کاتێکی دیاریکراودا و تەنها ئەگەر لە نزیکترین جیهانی ڕێگەتێچوودا گاشە سەهۆڵەکە ڕاست لەو کاتەدا بەر گەمێکە نەکەوتبێت، گەمێکە نوقم نابێت. بیرمەندانی تر پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ بە گوێرەی نموونەگەلێک لە یاساکانی سروشت لە پەیوەندییە هۆکارییەکان تێبگەین. (دەیڤیدسۆن، ١٩٦٧: ئارمسترۆنگ، ١٩٩٧؛ هەر یەک هەرچەند بە شێوەیەکی جیاواز، لایەنگرییان لەم ڕوانگەیە کردووە). هەموو ئەم تیۆرییانە درێژەدەری ئەو بیرۆکەیەی هیوومن کە هەوڵ دەدات [پەیوەندیی] هۆکاریێتی بۆ کاتەگۆرییەکی جیاواز یان بنەڕەتیتر و سەرەتاییتر دابەزێنێت. (بۆ لێکدانەوەی چڕوپڕتری تیۆرییەکانی ئەم دواییانە لەسەر هۆکاریێتی، بڕوانە: پاوڵ و هاڵ، ٢٠١٣).

باسوخواسەکان سەبارەت بە هۆکاریێتی و یاساکانی سروشت هەروەتر کۆمەڵێک پرسی فەلسەفیی پەیوەندیدار بەم باسەوە ـوەک پرسی ئازادی/ئیختیار- دەهێنێتە کایەوە. لە سەدەی حەڤدەهەمدا میکانیکی ئاسمانی[5] وێنەیەکی دیاریکراوی سەبارەت بە ئەگەری چۆنێتیی بوونی جیهان خستە بەردەستی فەیلەسووفان: جیهانێک کە وا دیارە کە دۆخەکانی داهاتووی بەتەواوی لە لایەن ڕابردوویەوە و هەروەها لە ڕێگای یاساکانی سروشتەوە (بە نموونە، یاساکانی نیۆتۆن لەسەر جووڵە و یاسای ڕاکێشی گەردوونی)

1. observations
2. conjunction
3. reductive
4. dependencies
5. selestical

دیاری کرابێتن. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەو تیۆرییە کە دەیگوت جیهان لە ڕاستیدا بەو چەشنە بووە، پێی دەگوترا «جەبربڕوایی»[١]. دەتوانین کێشەی ویستی ئازاد وەک دووڕییانێک بخەینە ڕوو. ئەگەر جەبربڕوایی ڕاست بێت، ئەوا تەنها داهاتوویەکی لەڕووی فیزیکییەوە ڕێگەتێچوو لە ئارادایە. بەڵام ئەودەم چۆن کەسێک توانیویەتی تا ئێستا بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت بکات؟ چونکە، هەروەک کارڵ گینە[٢] دەڵێت (١٩٩٠: ١٠٣)، [لەو حاڵەتەدا ئیدی] ئازادیمان تەنها ئازادییەک دەبێت بۆ زیادکردن بە ڕابردوویەکی واقعی و ئەگەر جەبربڕوایی ڕاست بێت، ئەوا تەنها یەک ڕێگا هەیە کە بتوانین شتێک بە ڕابردووی دیاریکراو[٣]–واقعی– «زیاد بکەین». بەڵام ئەگەر جەبربڕوایی ڕاست نەبێت، ئەگەر داهاتووگەلێکی لەڕووی فیزیکییەوە ڕێگەتێچووتر وەک جێگرەوە لە ئارادا بێت، ئەودەم ئەوەی کە کامیان دەبووایە ڕوو بدات، دەشێ تەنها بەهەڵکەوت بێت. و ئەگەر درۆکردن یان ڕاستوێژیی تەنها شتێکی هەڵکەوت بێت، ئەوەی کە من درۆ یان ڕاست دەکەم، چۆن دەتوانێت «پەیوەندیی بە منەوە» هەبێت؟ مەگەر ئەوەی لە یەکێک لەم دوو ئارگیومێنتەدا، ئارگیومێنتی ناتەبایی ویستی ئازاد و جەبربڕوایی یان ئارگیومێنتی ناتەبایی ویستی ئازاد و هەڵەبوونی جەبربڕوایی، هەڵەیەک لە ئارادا بێت؛ ویستی ئازاد مەحاڵە. کێشەی ویستی ئازاد لەوانەیە لەگەڵ پرسی دەرخستنی ئەگەری ویستی ئازاد –و ئەگەر ویستی ئازاد ڕێگەتێچوو بێت، پرسی خستنەڕووی شرۆڤەیەک لەسەر ویستی ئازاد کە هەڵەیەک لە یەکێک (یان لە هەر دوو) ئەو ئارگیومێنتانە دەردەخات– وەک یەک بن.

ڤەن ئینواگێن (١٩٩٨) لایەنگری لەو ڕوانگەیە دەکات کە هەرچەند کێشەی مۆدێرنی ویستی ئازاد سەرەتاکەی بۆ تێڕوانینە فەلسەفییەکان لەسەر دەرەنجامەکانی ئەو وێنایە لە گەردوون دەگەڕێتەوە کە گوایە لە لایەن یاساگەلی نەگۆڕەوە دابین کراوە، بەڵام ناکرێت بە وەرگرتنی [ئایدیایەکی] مێتافیزیکی (وەک دووفاقبڕوایی یان ئایدیالیزم) کە گریمانەی ئەوەیە کە ئەو هۆکارانە ناماددی یان نا-فیزیکین، لەو پرسە خۆمان بدزینەوە. ئەم بابەتە پەلکێشمان دەکات بۆ نموونەی دوایی و کۆتایی بابەتەکانی باسەکەمان لەسەر مێتافیزیکی «نوێ».

1. determinism
2. Carl Ginet
3. given

## ٥.٣. بابەتی زەینی و بابەتی فیزیکی

ئەگەر لەتەنیشــتیەک و دژبەیەک دانانی کات و شــوێن شتێکی ئاساییە، لەتەنیشتیەک و دژبەیەک دانانی بابەتی زەینی و فیزیکییش ئاســاییە. بەپێی تیۆریــی مۆدێرنی وەکیەکی هەموو ڕووداو یان حاڵەتە زەینییەکان، جۆرێکی تایبەت لە ڕووداو یان حاڵەتی فیزیکین. ئەم تیۆرییە (لەگەڵ لایەنە چاکەکانی تریدا) دەســتپێوەگرە، بەڵام سەرەڕای ئەمە حەزێکی سروشــتیمان هەیە بۆ جیاکردنەوەی بابەتی زەینی و بابەتی فیزیکی. وێدەچێت هۆکاری ئەمە ماریفەتناســانە بێت: چ هزر و هەســتەکانمان فیزیکی بن یان نا، ئەو جۆرە زانیارییانەی کە لێیانمان هەیە لە جۆرێکی ئەساســەن جیاوازە لەو زانیاییەی کە لە فڕینی باڵندەیەک یان ڕووبارێکی بەخوڕ هەمانە، و وا دیارە ئاسایی بێت کە بیسەلمێنین کە بەرناسەکانی جۆرێک لە زانایی لــە بنەڕەتدا لە بەرناســگەلێکی زانابیەکی تر جیاوازن. ئەوەی کە ئــەو ئاکامگیرییە لەڕووی لۆژیکییەوە بێبنچینەیە (هەر چۆن زۆرجار وایە)، نابێتە لەمپەرێک بۆ نواندنی. هۆکارەکە هەرچی بێت، فەیلەسووفان بەزۆرینە (بەڵام نە بەتەواوی) گریمانەیان ئەوە بووە کە دەتوانین جیهانی هەندەکییە بەرهەستەکان دابەش بکەیــن بەســەر دوو هەرێمی زۆر جیــاوازی زەینی و ماددییەوە. (لەگەڵ تێپەڕینی ســەدەی بیســتەم و چڕتربوونی کێشەئامێزی هەر ڕۆژ زیاتری چەمکی «ماددە» لە تیۆریی فیزیکاڵدا، تەعبیری «بابەتی زەینی و بابەتی فیزیکی» ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بوو بە شــتێکی باو). ئەگەر کەســێک دەرهەق بە شــتەکان ئاوەها ڕوانگەیەکی هەبێت، لەگەڵ پرســگەلێکی فەلسەفیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە فەلسەفەی مۆدێرن داویەتیە پاڵ مێتافیزیکەوە.

لەنێو ئەو پرسانەدا، پرســی ڕوونکردنەوەی هۆکارێتیی زەینی بەرچاوترە. ئەگەر بیر و هەستەکانمان سەر بە بەشی نامادی یان نا-فیزیکیی واقیعەتن –ئەگەر بۆ نموونە، گۆڕانکاریگەلێک لەسەر جەوهەری نامادی یان نا-فیزیکی بن– چۆن دەتوانن کارتێکەرییان هەبێت لەسەر جیهانی فیزیکی؟ بۆ وێنە، چۆن بڕیار یان کردەوەیەکی خۆویســتانە دەبێتە هۆی جوولانی جەســتەی مرۆڤ؟ ئەساسەن چۆن گۆڕان لە دنیای فیزیکیدا کاریگەری لەســەر بەشــی نا-فیزیکیی واقیعەت دادەنێت؟ ئەگە هەست بە ئازار کردن ڕووداوێکی نا-فیزیکی بێت، چۆن برینێک لەسەر جەستەی کەسێک دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئازار؟ هەر دوو پرسیارەکە، فەیلەسووفانی بڕوامەند بە «دوو هەرێم» –یان بە تەعبیرە باوەکەی «دووفاقبڕواکان»–ی خســتووەتە تەنگانەوە. بەڵام کێشەی یەکەم زۆرتر تەنگانەی بۆ ســاز کردوون، چونکە فیزیکی مۆدێرن

لەسەر بنەماگەلێک دامەزراوە کە داکۆکی لەسەر ڕاگرتنی چەندەکییە[1] جۆراوجۆرە فیزیکییەکان دەکات. (بۆ باسـێکی ڕوونکردنەوەیی سەبارەت بە بەراوردی دەرەنجامەکانی فیزیکالیزم و دووفاقبڕوایی، بڕوانە: بێنێـت، ٢٠٢١). ئەگـەر ڕووداوێکی نافیزیکی ببێتە هـۆی گۆڕانی دنیای فیزیکی -لـە دووفاقبڕواکان پەیتاپەیتـا دەپرسرێت-ئایا ئەمە بەو واتایە نییە کە چەندەکییە فیزیکییەکانی وەک وزە یان تەکان[2] لە هەر سیسـتەمێکی لەڕووی فیزیکییەوە داخراو، کە ئەو گۆڕانەی تێدا دێتە ئاراوە، دەوام ناهێنن؟ و ئایا ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە هەر جووڵەیەکی خۆخوازانەی جەسـتەی مرۆڤ ڕەوێنەری یاسـاکانی فیزیایە -واتە، پەرجۆ؟

کۆمەڵێکـی بەربڵاو لە تیۆرییە مێتافیزیکییەکان وەک هەوڵێک لە لایەن دوفاقبڕواکانەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارانە هاتوونەتە گـۆڕێ. هەندێک لەو هەوڵانـە بەهۆی ئەوەی کە لەڕووی فەلسـەفییەوە زۆر سـەرنجڕاکێش نین، کەمتر سـەرکەوتوو بوونە. بە نموونە، س. د. براود لای وایە (١٩٢٥: ١١٣-١٠٣) کە زەین لە ڕێگای گۆڕانی چرکەبەچرکەی خۆڕاگریی ئێلکتریکیی سیناپسـگەلێکی تایبەت لە مێشـکدا کار دەکاتە سەر جەسـتە (بەم شێوەیە پاڵسگەلێکی جۆراوجۆر لە حاڵی جووڵەدا، کە لە ڕاستیدا ڕێگای کەمترین خۆڕاگری هەڵدەبژێرن، دەیانگۆڕێت بۆ ڕێگەگەلێکی تر جیا لەو ڕێگایانەی کە تێیانپەڕاندووە). گریمانەی ناوبراو ئەوەیە کە ئەم بیرۆکەیە دەلالەت بۆ هەڵوەشـاندنەوەی پرەنسیپی مانەوەی وزە[3] ناکات. بـەڵام وا دیارە ئەو گریمانەیە ڕێگەتێنەچـوو بێت کە کارگێڕێک دەتوانێـت خۆڕاگریی ئێلێکتریکیی سیستەمێکی فیزیکی بەبێ دەکارکردنی وزە لەو پرۆسەیەدا بگۆڕێت، چونکە ئەو کارە پێویستی بە گۆڕانی پێکهاتەی فیزیکیی سیسـتەمەکەیە، و ئەمەیـش بۆ خۆی دەلالەت دەکات بـۆ گۆڕانی بارودۆخی ئەو ماددە وردیلانەی کە هێزەکان[4] کار دەکەنە سەریان (بیر لە سووڕاندنەوەی پەلەپیتکەی ئامێری ڕێخستنی تەزووبەند[5] یان خۆڕاگریی ناوبەناو بکەنەوە: بۆ ڕێخستنی ئەم کارە دەبێ وزە دەکار بکەیت). ئەگەر ئەم نموونەیە دڵبەستەییەکی فەلسەفیی تێدا بێت، بریتییە لەوەی کە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە وێناکردنی ڕێگایەک بۆ ئەوەی شتێکی نافیزیکی کار بکاتە سەر چالاکیی سیستەمێکی فیزیکی (کلاسیک)، بەبێ

1. quantities
2. momentum
3. the principle of the conservation of energy
4. forces
5. rheostat

هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی مانەوە، مەحاڵە.

تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی دووفاقبڕوایی زەین، کێشەی کارلێککردن[1] [ی زەین و جەستە] بە شێوەگەلێکی جیاواز تاوتوێ دەکەن. ئەو تیۆرییەی کە پێی دەڵێن «کارلێککگەریی دووفاقبڕوایانە»[2] بۆ خۆی شتێکی لەم بارەیەوە بۆ وتن پێ نییە –هەرچەند لایەنگرە جۆراوجۆرەکانی (لەوانە، براود) ڕێگەچارەگەلێکیان بۆ ئەو تیۆرییە پێشنیار کردووە. «گاگابڕوایی»[3] بەساکاری پێمان دەڵێت کە وابەستەبوونی دژەواقعیی کردەوەی سیستەمێکی فیزیکی بە ڕووداوێکی نا-فیزیکی پێویستی بە پەرجۆیەک هەیە. تیۆریی هەماهەنگیی لەپێش-داڕژاو[4]، کە وابەستەبوونی «گشتی» لە جێی وابەستەبوونی ناوچەیی دژەواقعیی جووڵە فیزیکییە خۆویستەکانی حاڵەتگەلی زەینیی کارگێڕەکان دادەنێت، بەرییە لە کێشەکانی پرەنسیپی خۆڕاگری –بەڵام ئەم دەسکەوتە بە تێچوویەکی زۆر دەستەبەر دەکات. (ئەو تیۆرییە وەک گاگابڕوایی، یەزدانبڕوایی لەپێشدا گریمانە دەکات و بەپێچەوانەی گاگابڕوایی، هەڵگری ئەوەیە کە یان ویستی ئازاد بوونی نییە یان ئەوەی کە ویستی ئازاد لەگەڵ جەبربڕواییدا ناتەبایە). «دوادیاردەبڕوایی (ئێپیفێنۆمێناڵیزم)»[5] بەڕاشکاوی نکۆڵی لەوە دەکات کە بابەتی زەینی دەتوانێت لەسەر بابەتی فیزیکی کارتێکەریی هەبێت و خۆی بەو شرۆڤەیە قانع دەکات کە بۆچ وا دەردەکەوێت کە بابەتی زەین کارتێکەریی لەسەر بابەتی فیزیکی هەیە.

سەرەڕای ئەم تیۆرییە دووفاقبڕوایانەیە، تیۆریگەلێکی یەکەبڕوایانەیش[6] وەک ئایدیالیزم و فیزیکالیزم هەن؛ تیۆریگەلێک کە بە نکۆڵیکردن لە بوونی بابەتی فیزیکی یان نا-فیزیکی، کێشەی کارلێکەری [ی زەین و جەستە] چارەسەر دەکەن. (فەیلەسووفانی هەنووکە بەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کرد، بەزۆرینە چەمکی «فیزیکالیزم» یان لا باشترە تا چەمکی «ماتریالیزم»). زۆرینەی هەوڵەکانی ئێستای فەلسەفەی زەین لەپێشدا فیزیکالیزم گریمانە دەکەن، و بەگشتی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە تیۆرییەکی فیزیکالیستی کە تەنها

1. interaction
2. dualistic interactionism
3. Occasionalism
4. theory of pre-established harmony
5. Epiphenomenalism
6. monistic

نکۆڵی له واقعیەتی بابەتی زەینی ناکات (واته تیۆرییەکی «سڕینەوەیی»[1] نییه)، پرسیارگەلێکی مێتافیزیکی دەورووژێنێت. هەڵبەت، ئاوەها تیۆرییەک دەبێت جێگایەک بۆ بابەتی زەینی له جیهانێکی سەرانسەر فیزیکیدا بدۆزێتەوە، و ئاوەها جێگایەکیش تەنها بەو مەرجە هەیە کە ڕووداو و حاڵەتە زەینییەکان، ڕووداو و حاڵەتەگەلێکی فیزیکیی تایبەت و دیاریکراو بن. لانیکەم سێ پرسیاری مێتافیزیکیی گرنگ له لایەن ئەو تیۆرییانەوە وروووژێندراوە: یەکەم، گریمان کە هەموو ڕووداو و حاڵەتگەلی زەینیی تایبەت دەقاودەق هەمان ڕووداو یان حاڵەتگەلی فیزیکیی تایبەتن، ئایا دەکرێت هەندێک یان هەموو هەمەکییە زەینییەکان («جۆرەکانی ڕووداو» و «جۆرەکانی حاڵەت» دەستەواژەگەلی باون)، لەگەڵ هەمەکییە فیزیکییەکاندا یەکێک بن؟ دووهەم، ئایا فیزیکالیزم واتای ئەوەیە کە ڕووداو و حاڵەتە زەینییەکان لە واقعدا ناتوانن هۆکار بن (ئایا فیزیکالیزم دەلالەت بۆ جۆرێک لە دوادیاردەبڕوایی دەکات)؟ سێیهەم، ئایا شتێکی فیزیکی دەتوانێت تایبەتمەندیگەلی نافیزیکیی هەبێت -لەوانەیە تایبەتمەندیگەلێکی زەینی وەک «بیرکردنەوە له ڤیەننا» یان «درەککردنی ڕەنگی سوور» تایبەتمەندیی نا-فیزیکیی بوونەوەرانی فیزیکی بن؟ هەڵبەت ئەم پرسیارەی دوایی، پرسیارێکی مێتافیزیکیی بنەڕەتیتر دەورووژێنێت: «تایبەتمەندیی نا-فیزیکی چییه؟» و هەموو شێوازەکانی تیۆریی وەکیەکی، پرسیارگەلێکی بنەڕەتیی مێتافیزیکی، پرسیارگەلێکی بووناسانە، پرسیارگەلێکی لەم چەشنە کە «ڕووداو چییه؟» و «حاڵەت چییه؟» دەورووژێنێت.

## ٦.٣. مێتافیزیکی کۆمەڵایەتی

لەم ساڵانەی دواییدا ئاگاداری هەڵکشانی دڵبەستەیی بەرەو لای مێتافیزیکی کۆمەڵایەتی بووین، کە سرشتی جیهانی کۆمەڵایەتیی وەک بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی هەڵبژاردووە. زۆرێک له مێتافیزیکزانە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان دەپەرژێنە سەر سرشتی بووناسانەی گرووپ، ڕێکخراوە و بنکە کۆمەڵایەتییە ڕۆنراوەکان. پرسیارە سەرەکییەکانیان ئەمانەیە: شەریکەکان، چێشتخانەکان و یانە وەرزشییەکان له ڕاستیدا چین؟ سرشتی پارە چییه؟ سرشتی کاتەگۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک *ژن*، *ڕەشپێست*، *لێزبیەن* و *کەمئەندام* چین؟ پەیوەندیی نێوان تاکەکان و شتە کۆمەڵایەتییەکان له ئاستی بەریندا چۆنە؟ کاتێک دەگوترێت شتێک «ڕۆنراوی کۆمەڵایەتی»یە مەبەست چییە، و له هەنگاوی یەکەمدا جیاوازیی نێوان بابەتی کۆمەڵایەتی و بابەتی سروشتی[2] لە چیدایە؟

1. eliminativist
2. the social and the natural

ڕیچی (٢٠١٣:٢٠١٥:٢٠٢٠ئا: ٢٠٢٠ب) لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی «جۆری ١» وەک شەریکەکان و ڕێکخراوەکان، کە ڕێکخراو و ڕۆنراون، و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی «جۆری ٢» وەک ڕەشپێستەکان و ژنان، کە جۆرگەلی کۆمەڵایەتیی کەمتر ڕۆنراون، جیاوازی دادەنێت. ئەپستاین (٢٠١٩) لەگەڵ ئەو چەشنە پۆلێنبەندیکردنە کێشەی هەیە و وا بە باشی دەزانێت کە ئەو شتانە بەپێی پەیوەندیگەلی ئاستی میتافیزیکییەکەیان پۆلێنبەندی بکات. ڕووبێن (١٩٨٥) نکۆڵی لەوە دەکات کە دەتوانین گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و بنکە کۆمەڵایەتییەکانی تری ئاستی بەرین[1] دابەزێنین بۆ ئاستی تاکەکان. کورمەن (٢٠٢٠) بەوردەکارییەکی زۆرترەوە لەسەر پرسی سرشتی دامەزراوەگەلی وەک چێشتخانەکان دەوەستێت. ئوزکیانۆ (٢٠٠٤) مەرجەکانی خۆڕاگریی گرووپگەلی کۆمەڵایەتیی وەک دادگای باڵا دەخاتە ژێر گومانەوە، و لە ئاکامدا ئیستدلال دەکات کە ئەوانە هاوشێوەی مەرجگەلی خۆڕاگریی شتە دەسکردەکانن. ڕیچاردسۆن (٢٠٢٢) هاوڕا لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە لای وایە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پاژگەلی ماددیی بەرهەستن، چونکە دوو گرووپی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکرێت ڕاست ئەندامی هاوشێوەیان هەبێت.

میتافیزیکزانەکانی تر پێگەی بوونناسانەی پارە، و بەتایبەت پێگەی دراوی مەجازی[2] وەک بیتکۆین، هەڵدەسەنگێنن. پاسینسکی (٢٠٢٠) بۆ لێکدانەوەی ئەو بابەتە لە نێوان ڕوانگەگەلی شرۆڤەیی و ڕێسایی[3] جیاوازی دادەنێت، و لایەنگری لە دووهەمیان دەکات. بەپێچەوانە، وارمکە (٢٠٢١) پشت بە ڕوانگەیەکی شرۆڤەیی دەبەستێت، و دەڵێت بیتکۆین جەوهەرێکی خەیاڵییە کە کراوە بە حەقایەتێکی بەکۆمەڵ.

هەروەها شەپۆلێک دڵبەستەیی ئەم دواییانە بۆ لای میتافیزیکی زایەند و جێندەر سەری هەڵداوە. هاسلانگێر (٢٠٠٠) زۆر جوان دەڵێت کە (تا ڕادەیەک) $x$، ژنە ئەگەر تەنها بەپێی ژنبوونەکەی ستەمی لێ بکرێت. ڕوانگەی هاسلانگێر بەهۆی ئەوەی کە گرینگی بەوە دەدات کە چ جۆرە تێگەگەلێک لە جێندەر و زایەند لەوانەیە بۆ بیردۆزی بەکەڵکترین بن، بۆ چاکسازی دەشێت. ئاستا (٢٠١٨)، کە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕایە، شرۆڤەیەکی ڕاوێژکارانە لە کاتەگۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە بەپێی ئەو بۆچوونە کاتەگۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بەستێنگەلی تایبەت لە دەرەوە بەسەر تاکەکاندا دادەسەپێت. بیرمەندانی تر پەرژاونەتە سەر بابەتی سرشتی جۆرگەلی تایبەتیری کاتەگۆرییە کۆمەڵایەتییەکان:

---

1. macro-level
2. virtual currency
3. descriptive and normative

برێنشــتاین (٢٠٢٠) دەڵێت کاتەگۆریگەلی کۆمەڵایەتیی نێوانبەشــی/لێکدراو[١] وەک *ژنی ڕەشپێســت* دەبێ وەک [کاتەگۆریگەلێکی کۆمەڵایەتیی] یەکپارچەی شرۆڤەیی و پێشتر لە پێکهاتەگەلی هەندەکی و ســاکار وەک *ڕەشپێســت* و *ژن* ڕەچاو بکرێت. جوربا و ڕۆدۆ دوو زاراتــە (٢٠١٩) چوارچێوەیەک لە تایبەتمەندییەکان و ئەزموونی نوێ بۆ شرۆڤەی نێوانبەشێتی پێشنیار دەکەن.

دێمــبرۆف (٢٠١٦) دەپەرژێتــە ســەر لێپێچینەوەی حەزی سێکســی و پێداگری لەســەر «حەزی دووڕەهەندی»[٢] دەکات. بەپێی ئەو ڕوانگەیە، ڕەگی حەزی سێکســیی کەسێک بۆ حەزەکانی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە بۆ خەریکبوون بە کردەوە سێکسییەکان لە بارودۆخێکی ئاساییدا. حەزەکانی تاک بریتییە لە زایەند و جێندەری ئەو کەســە کە لەو بارودۆخەدا حەز بە ئەنجامدانی کاری سێکســی دەکات. ئەندلێر (٢٠٢١) لە نێوان حەزی سێکســی و ناســنامەی[٣] سێکســی جیاوازی دادەنێــت و لای وایە کە چەمکی دووهەم بۆ ڕاڤەی ئەو دیاردەیە هەم گونجاوتر و هەمیش لەڕووی شرۆڤەییەوە بەهێزترە.

تەنانەت مێتا-مێتافیزیکێکی ڕووڵەگەشــە ســەبارەت بــە جیهانی کۆمەڵایەتی لــە ئارادایە، کە لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا پرســیارە ســەرەکییەکانی مێتافیزیکی کۆمەڵایەتی جەوهەری و بنەڕەتیــن یان نا. بارنێز (٢٠١٧) و میکۆلا (٢٠١٧) مشتومڕ لەسەر بۆچوونی سایدێر (٢٠١٢) سەبارەت بە پرسیارێکی بنەڕەتی لە مێتافیزیکدا دەکەن، بەو پاساوەی کە گوایە ئەو بۆچوونە لەگەڵ پرسیارە بنەڕەتییەکانی بواری مێتافیزیکی جێندەر یەک ناگرێتەوە. ڕیچاردســۆن [لەگــەڵ ئەو ڕاڤەیەدا] هاوڕا نییە. و لــە کاتێکدا کە مێتافیزیکی کۆمەڵایەتی زۆرجار دژ بە مێتافیزیکی کورد گوتەنی «بنەڕەتی» ڕەچاو دەکرێت (بڕوانە: مەک کیتریک، ٢٠١٨)، چەندین فەیلەســووف، لەوانە (ماســۆن و ڕیچــی. ٢٠٢٠) و بێرێنشــتاین (٢٠٢١)، ئەم دواییانە ئاماژەیان بە ئــەوە کردووە کە بنچینەکانی جیهانی کۆمەڵایەتی لەوانەیــە بنەڕەتی بن. وەک چۆن بێنێت (٢٠١٧) گوتوویەتی، دەتوانین مێتافیزیکی کۆمەڵایەتی وەک دژنموونەیەک بۆ ئەو تێزە چاو لێ بکەین کە [دەڵێــت] مێتافیزیک بریتییە لە لێکدانــەوەی واقعیەتی بنەڕەتی. پاسینســکی (٢٠٢١) لای وایە کە مێتافیزیکی فاینــی[٤] چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ مێتافیزیکی فێمینیســتی. هەندێک توێژەری تر وەک هەکینگ (١٩٩٩) و دیاز-لیۆن (٢٠١٥) لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن کە مەبەست لەوەی کە شتێک ڕۆنراوی

1. intersectional
2. Bidimensional Dispositionalism
3. identity
4. Finean

کۆمەڵایەتییە، چییە. بۆ دەورەکردنەوەیەکی گشـتگیر لەسەر بوونناسـیی کۆمەڵایەتی، هەروەها بڕوانە بۆ سەردێڕی «بوونناسیی کۆمەڵایەتی» لە لایەن ئێپستاینەوە (٢٠٢١).

## ٤. میتۆدناسی (ڕێڕەوناسی)ی مێتافیزیک

وەک لە باسەکانی بەشی ٣ دەردەکەوێت، گۆڕەپانی مێتافیزیک لەو سنوورە دیارانەی ئەرەستوو بۆی دیاری کردبوو، بەرینتر بووەتەوە. کەواتە، ئەدی چۆن دەبێ وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکەمان بدەینەوە؟ ئایا مێتافیزیک بەس پوختەیەک لە پرسگەلێکی فەلسەفییە کە ناتوانین بیدەینە پاڵ ماریفەتناسی یان لۆژیک یان ئەخلاق یان جوانیناسـی یان هەر لقێکی فەلسـەفە کە پێناسـەیەکی تا ڕادەیـەک ڕوونی هەیە؟ یان ئەوەی کە بابەتێکی هاوبەش هەیە کە کارکردن لەسەر ئەو پرسە پەرتەوازانە یەک دەخات و مێتافیزیکی هاوچەرخ لە ئاقارەکانی دیکەی توێژینەوە جیا دەکاتەوە؟

ئـەم بابەتانـەی پەیوەندیدار بە سرشـتی مێتافیزیکـەوە زۆرتر لەگـەڵ بابەتگەلێک سـەبارەت بە جێگەوپێگەی زانینیی[1] تیۆرییە جۆراوجۆرە مێتافیزیکییەکانەوە پەیوەندییان هەیە. ئەرەستوو و زۆرینەی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاسـت لایان وا بوو، لانیکەم لە بنەڕەتیترین ڕەهەندەکانیەوە، وێنای کەسێکی ئاسـایی لە جیهان «تا ڕادەیەک» ڕاستە. بەڵام زۆرێک لە مێتافیزیکزانانی پاش-سەدەکانی ناوەڕاست دژ بەو بیرۆکەیە وەستاونەتەوە. لە ڕاستیدا، هەندێکیان بەرەو بەرگری لەو تێزە کشاون کە جیهان زۆر جیاوازە، وێدەچێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە، لەو شتەی کە خەڵک بیری لێ دەکەنەوە پێش ئەوەی لەڕووی فەلسـەفییەوە پاسـاوی بۆ بهێننەوە. بە نموونە، هەندێک لە مێتافیزیکزانەکان لە وەڵامی لێپێچینەوەگەلی هاوبـوون کـە لە بەشـی ٣-٣دا تاوتوێمان کردن، لەسـەر ئەو بڕوایـە بوون کە هیچ شـتێک کە خاوەن پاژگەلێکی شیاو بێت لە ئارادا نییە. ئەم ئیدعایە وا دەگەیەنێت کە شتە لێکدراوەکان -وەک مێز، کورسی، پشـیلە و هتد- بوونیان نەبێت؛ ئەو بۆچوونە تا ڕادەیەک سەرسـووڕهێنەرە. و هەروەک چۆن لە بەشـی ٣-١دا بینیمان، مێتافیزیکزانەکانی تر بەدڵفراوانییەوە واقعیەتی جیهانگەلی بەس ڕێگەتێچووی بەرهەستیان گریمانە کردووە، بۆ ئەوەی ئەو گریمانەیە تیۆرییەکی سـاکارتر و لەڕووی شرۆڤەییەوە بەهێزتر بۆ پرسی ئاراستەمەندی بەرهەم بهێنێت. لەوانەیە ئەم دڵنیاییەی هاوچەرخ دەرهەق بە مێتافیزیکی «شەنوکەوکراو»[2]

1. epistemic
2. revisionary

تەنها وەگەڕخستنەوە یان گەڕانەوەی بۆچوونی پێش-ئەرەستوویی بێت لە «ئاکامگیریی مێتافیزیکی ڕێگەپێدراو»؛ بۆچوونێک کە لە ڕێگای ئارگیومێنتەکانی زنۆن دژ بە واقعیەتی جووڵە و «هێماچیرۆکی ئەشکەوتی» ئەفلاتوون تیشکی خراوەتە سەر. بەڵام گرینگ نیە چۆن پۆلێنبەندیی بکەین، سرشتی سەرسووڕهێنەری زۆرێک لە ئیدعا مێتافیزیکییەکانی هاوچەرخ، گوشارێکی زۆرتر دەخاتە سەر پسپۆڕان بەس بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە سەرقاڵی چین. ئەوان پرسیارگەلێک لەسەر میتۆدناسیی مێتافیزیک دەورووژێنن.

یەکێک لەستراتێجییە سەرنجڕاکێشەکان بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، داکۆکی لە پەیوەندیی مێتافیزیک لەگەڵ زانست دەکات. بەپێی ئەم بۆچوونە، مێتافیزیک لە ئەساسدا یان بەتایبەتی سەرقاڵی گەشەپێدانی ئەو گشتاندنانەیە کە دەرەنجامی تیۆریگەلی زانستیی متمانەپێکراوە. بە نموونە، کوایـن (١٩٤٨) لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، پێشنیاری ئەوەی کرد کە مشتومڕی مێتافیزیکیی «کۆن/نێوەندی» لەسەر دۆخی شتە دەرهەستەکان دەبێ بەم شێوازە چارەسەر بکرێت. ئەو وای بۆ چوو ئەگەر باشترین تیۆرییە زانستییەکانمان بەپێی «هێماسازیی[1] باوی بەچەندەکیکردن (پلە-یەک)» (بەو ڕادەیە قووڵ کە هەموو ئەو دەرهاویشتانەی کە بەکارهێنەرانی ئەو تیۆرییانە دەیانەوێت بیکەن، لە لۆژیکی پلە-یەکەمدا گونجاو بێت) لەسەرڕا داڕێژرێنەوە، ئەودەم زۆرێک لەو تیۆرییانە، ئەگەر نە هەموویان، وەک دەرەنجامێکی لۆژیکی گشتاندنێکی وجوودییان دەبێت لەسەر بار (مەحموول)ێک کە ئەو بارە تەنها لە لایەن بەرناسە دەرهەستەکانەوە دەستەبەر دەبێت. هەر بۆیە، وا دیارە کە باشترین تیۆرییە زانستییەکانمان «هەڵگری بەڵێنی بووناسانە»ن دەرهەق بەو شتانەی کە لە ڕوانگەی نۆمینالیستییەوە نکۆڵی لە بوونیان دەکرێت. (ئەو شتانە لەوانەیە بە واتای کلاسیکی هەمەکییەکان نەبن، بەڵکوو بە نموونە دەستە بن.) بۆ وێنە، ئەم تیۆرییە ساکارە لەبەرچاو بگرن: «بەرناسگەلێکی هاوجۆر هەن، و قورسایی شتێکی هاوجۆر بە پێوەری گرام، دەرەنجامی لێکدانی چڕی یان بارستایی ئەو شتەیە بە پێوەری گرام لەسەر سەنتیمەتری سێجا و قەبارەی ئەو شتە بە پێوەری سەنتیمەتری سێجا.» داڕشتنەوەیەکی نموونەیی ئەم تیۆرییە لە ڕێگای هێماسازیی ئاسایی بەچەندەکیکردنەوە بەم شێوەیە:

$$\exists Hx \ \& \ \forall x(Hx \rightarrow Mx = Dx \times Vx)$$

(Hx: x هاوجۆرە؛ Mx: بارستایی x بە پێوەری گرام؛ Dx: چڕیی x بە پێوەری گرام لەسەر سەنتیمەتری

1. notation

سـێجا؛ Vx: قەبارەی x بە پێوەری سـەنتیمەتری سـێجا). دەرەنجامێکی لۆژیکیی پلەیەکی ئەم تیۆرییە ئاوەهایە:

$$\exists x \exists y \exists z (x = y \times z)$$

واتە: لانیکەم شـتێک هەیە کە بەرهەمی ئەو لێکدانەیە (لانیکەمی شـتێک هەیە، بۆ بڕێک لە x و بڕێک لە y، دەرەنجامی لێکدانـی x و y لە ئارادایە.) و دەرەنجامەکەیش دەبێ ژمارەیەک بێت، چونکە کرداری «لێکدان» تەنها لەسـەر ژمارەکان ئەنجام دەدرێت. کەواتە، تیۆرییە گچکەکەمان لانیکەم ئەگەر بەو شـێوەی سـەرەوە سـەرلەنوێ داڕێژرێتەوە، بە واتایەکی زۆر ئاشـکرا، «پێبەند» بە بوونی ژمارەکانە. هەر بۆیە، وا دیارە کە نۆمینالیسـتێک ناتوانێت بۆ هەمیشـە ئەو تیۆرییە ڕاستاندە بکات. (لەو نموونەیەدا، ڕۆڵێک کە «باری $F$» لە دەربڕینی دەرهەستی «ژێر لێکۆڵینەوەکەی» کوایندا دەیگێڕێت، لە لایەن باری "...x...=..." دەستەبەر دەبێت.)

هەوڵەکانی کواین لەسـەر نۆمینالیزم بوو بە هەوێنی گەلاڵەیەکی زۆر بەرینتر بۆ تێڕامان لە پرسـیارە بووناسانەکان. بەپێی بۆچوونی «نوێ-کواینییەکان»[1]، ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە بوونی شتە دەرهەستەکان، ڕووداوە زەینییەکان، شتگەلی خاوەن پاژگەلی شیاو، پاژە کاتییەکان، و تەنانەت جیهانگەلی ڕێگەتێچووی بەرهەسـتی تر تا ئەو ڕادەیـە یەکگرتوون کە پرسـیارگەلێکن لەمەڕ ئەو دامودەزگا بووناسـانەی کە بۆ دەرخستنی حەقیقەتی باشـترین تیۆرییە متمانەپێکراوەکانمان پێویستن. بەمەیشەوە، هەڵای زۆرێک لە پرسیارەکانی میتافیزیکی کۆن و نوێ، پرسیارگەلێکی بووناسانە نین. بە نموونە، گەلێک لە بەشداربووانی باسـی هۆکارێتی، بەتایبەتی دڵنگەرانی ئەوە نین کە ئایا هۆکار و هۆکردەکان[2] هەن یان نا. بەڵکوو زۆرتر دەیانهەوێت بزانن «بەپێی چ بنەمایەک» شـتێک دەبێتە هۆکار یان هۆکـرد. ژمارەیەکی کەم لە ئەوانەی سەرقاڵی باس لە بابەتی زەینی و فیزیکین دڵبەستەی ئەو پرسیارەن کە ئایا تایبەتمەندییە زەینییەکان (بە هەر واتایەک بێت) هەن یان نا. بەڵکوو زۆرتر دڵبەسـتەی ئەوەن کە ئایا تایبەتمەندییە زەینییەکان «بنەمایی»ن یان *ناوازە* —یا ئەوەی کە ئایا، تا ڕادەیەک یان بەتەواوی، بنەمایان بۆ تایبەتمەندییە فیزیکییەکان دەگەڕێتەوە یان نا.

ئایا میتۆدناسییەکی یەکپارچە بۆ میتافیزیک بەرینتر لەوەی بیر دەکرێتەوە، هەیە؟ بە بڕوای هەندێک،

1. neo-Quineans
2. causes and effects

ئەرکی مێتافیزیکزان بریتییە لە ناسین و ئیستدلال بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی پەیوەندیگەلی جۆراوجۆر. بە ڕای فاین (٢٠٠١)، مێتافیزیکزانەکان هەوڵ بۆ خستنەڕووی تیۆریگەلێک دەدەن لەمەڕ ئەوەی کە کام یەک لە فەکتەکان یان گوتەزارەکان، فەکت یان گوتەزارەکانی تر ڕۆ دەنێت، و کام یەک لە فەکتەکان یان گوتەزارەکان «لە واقعیەتدا» ڕاستن. بە نموونە، لەوانەیە فەیلەسووفێک لای وا بێت کە مێزەکان و شتومەکە لێکدراوەکانــی تر بوونیان هەیە، بەڵام بڕوای بەوە بێت کە فەکتگەلی ســەبارەت بــە مێزەکان بەتەواوی بنەمایــان دەگەڕێتەوە بۆ فەکتگەلێک لەمەڕ [شــێوازی] چێندراوەیی خاڵە وردیلەکان یان فەکتگەلێک لەمەڕ دۆخی فانکشــنی شەپۆل[1]. ئەم مێتافیزیکزانە لەســەر ئەو بڕوایەیە کە هیچ فەکتێک «لە واقعیەتدا» ســەبارەت بە مێزەکان لە ئارادا نییە، بەڵکوو فەکتگەلێک لەســەر چێندراوەیی وردیلەکان هەیە. شــافێر (٢٠١٠) ڕوانگەیەکــی هاوشــێوەی هەیە، بەڵام دەڵێت پەیوەندیگەلی بنەڕەتیــی مێتافیزیکی نە لە نێوان فەکتەکاندا، بەڵکــوو لە نێوان هەبووەکاندا بەرقەرارە. بە وتەی شــافێر، هەبوو/هەبووە بنەڕەتییەکان دەبێ وەک هەبوو/هەبووگەلێک چاو لێ بکەین کە بنەمای هەموو شــتەکانی ترە/ترن. بەپێی بۆچوونی شافێر، دەتوانین بە شــێوەیەکی واتادار بپرسین کە ئایا بنچینەی مێز لەسەر پاژەکانی دامەزراوە یان بەپێچەوانەوە. دەتوانین (هاوڕا لەگەڵ شــافێردا) لەســەر ئەو بیردۆزییە بڕۆین کە جیهان وەک گشتێک، بنەمای کۆتایی هەموو شتێکە.

بۆچوونێکی تری شــیاوی سەرنج (ســایدێر، ٢٠١٢) دەڵێت ئەرکی مێتافیزیکزان «ڕوونکردنەوەی جیهانە» بەپێی پێکهاتە بنەڕەتییەکەی. بە ڕای سایدێر، ئەوەی مێتافیزیک (ی باش) وەک لقێک یەکپارچە دەکات، ئەوەیــە کە تیۆرییەکانی هەموو لــە چوارچێوەی دەســتەواژەگەلێکدا داڕێژراون کە پێکهاتەی بنەڕەتیــی جیهان دیاری دەکەن. بە نموونە، بە ڕای ســایدێر ئێمە دەتوانیــن «نهیلیزمی هۆکارێتی» وەک ئەو بۆچوونە ببینین کە پەیوەندیگەلی هۆکارێتی لە پێکهاتەی بنەڕەتیی جیهاندا دەرناکەون و لەم ڕووەوە باشترین زمان بۆ وەسفی جیهان، خۆی لە گوتەزارگەلی هۆکارێتی دەدزێتەوە.

دەبێ جەخت لەســەر ئەوە بکەین کە ئەم شــێوازانە بۆ دیاریکردنی ســنووری مێتافیزیک لەپێشدا گریمانەیــان ئەوە نییە کە هەموو ئــەو تەوەرانەی ئێمە وەک نموونەگەلێک لــە مێتافیزیک ئاوڕمان لێ داونەتەوە، بۆ خودی تەوەرەکە بنەڕەتی یان گرنگن. باس لەســەر ئاراســتەمەندی لەبەرچاو بگرن. کواین (١٩٥٣) و سایدێر (٢٠١٢) هەر یەک لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی خۆیانەوە سەبارەت بە سرشتی مێتافیزیک

1. wave function

ئیســتدلال دەکەن کە ڕەهەندەکانی مشتومڕ لەسەر تیۆریی شیاوی میتافیزیکیی ئاراستەمەندی بە لاڕێدا بــەرن. هەندێکی تر ســەبارەت بــە باسوخواســەکان لەمەڕ پێکهاتە یــان دەوامهێنان لە درێــژەی کاتدا بەگومانن. لەم ڕووەوە، تیۆرییەکانی سەبارەت بە سرشتی میتافیزیک لەوانەیە سەرچاوەگەلێکی نوێ بخەنە بەردەســتمان بۆ ڕەخنەگرتن لە باسە پلەیەکەمە تایبەتیەکان کە لەڕووی مێژوویەوە میتافیزیکی لە قەڵەم دراون، و ئەمەیش ڕەوتێکی باوی میتافیزیکزانەکانە کە هەندێک لە باسەکان وەک باسی بنەڕەتی ڕەچاو دەکەن، کەچی دەرهەق بەوانی تر بەرچاو تەنگن.

## ٥. ئایا میتافیزیک مومکینە؟

لەوانەیە هیچ هاودەنگییەکی ناوخۆییش بۆ میتافیزیک لە ئارادا نەبێت. گرنگتر لەوە، لەوانەیە شتێک بە ناوی میتافیزیک هەر بوونی نەبێت –یان لانیکەم شتێک کە شیاوی ئەوە بێت کە پێی بڵێین زانست یان بواری لێکۆڵینەوە یان لقێکی خوێندن. لەوانەیە، وەک چۆن هەندێک لە فەیلەســووفان گوتوویانە، هیچ گوتەزار یان تیۆرییەکی میتافیزیکی نە ڕاست بێت نە هەڵە. یان ڕەنگە، هەر وەک کەسانی تر گوتوویانە، تیۆرییــە میتافیزیکییەکان بەهای ڕاســتییان[1] هەیە، بەڵام دۆزینەوەی چۆنێتییەکەیــان مەحاڵە. لانیکەم لە سەردەمی هیوومەوە، فەیلەسووفگەلێک بوون کە وتوویانە میتافیزیک «نامومکینە» –یان بەهۆی ئەوەی کە پرسیارەکانی بێواتان یان بەهۆی ئەوەی کە وەڵامدانەوەیان مەحاڵە. درێژەی ئەم بابەتە تەرخان دەکرێت بۆ باس لەسەر هەندێک لە ئارگیومێنتەکانی ئەم دواییانە سەبارەت بە نامومکینبوونی میتافیزیک.

بێن بــا وای دانێین کە دڵنیاین دەتوانین هــەر گوتەزارێک وەک «گوتەزارێکــی میتافیزیکی» یان «گوتەزارێکــی نامێتافیزیکی» دیاری بکەین. (پێویســتمان بــەوە نییە کە فەرز بکەیــن ڕەچەڵەکی ئەم توانایییە بۆ پێناســە یان شرۆڤەیەکی ورد لە میتافیزیک دەگەڕێتەوە). بێــن با ئەو تێزە کە هەموو گوتەزارە میتافیزیکییــەکان بێواتــان، بە «داڕێــژەی بەهێزی» ئەو تێــزە بزانین لەســەر نامومکینبوونی میتافیزیک. (سەردەمانێک، دوژمنی میتافیزیک لەوانە بوو بەوە ڕازی بێت کە بڵێت هەموو گوتەزارە میتافیزیکییەکان هەڵەن. بەڵام ئەمە بەئاشــکرا تێزێکی مومکین نییە، ئەگەر نکۆڵــی لە گوتەزارێکی میتافیزیکی بۆخۆی دەبێ گوتەزارێکی میتافیزیکی بێت.) و بێن با ئــەو گوتەزارەی خوارەوە وەک «داڕێژەی لاوازی» تێزی نامومکینبوونی میتافیزیک ناودێر بکەین: گوتەزارە میتافیزیکییەکان واتادارن، بەڵام مرۆڤەکان قەت ناتوانن

1. truth-values

دەری بخەن کە ئایا هەر گوتەزارێکی مێتافیزیکی ڕاستە یان هەڵە (مومکینە یان نامومکین؛ پاساوهەڵگرە یان نا).

بێــن با بەکورتی نموونەیەک لــە داڕێژەی بەهێز لەو تێزە تاوتوێ بکەیــن کە [دەڵێت] مێتافیزیک نامومکینە. پۆزیتیڤستە لۆژیکییەکان بڕوایان وا بوو کە واتای گوتەزارێکی (نا-شیکارانە) بەتەواوی بریتییە لەو پێشبینییانەی کە سەبارەت بە ئەزموونی مومکین دەیکات. لەگەڵ ئەمەشدا، لایان وا بوو کە گوتەزارە مێتافیزیکییــەکان (دیــارە وەک حەقیقەتگەلێکی شــیکارانە نەدەخرانە ڕوو)، هیچ پێشــبینییەک لەمەڕ ئەزموونەوە ناکەن. هەر بۆیە، بەو دەرەنجامە گەیشــتن کە گوتەزارە مێتافیزیکییەکان بێواتان -یان باشــتر بڵێین، ئەو «گوتەزارگەلە»ی کە ئێمە وەک گوتەزارگەلی مێتافیزیکی پۆلێنبەندییان دەکەین، لە ڕاستیدا و لە بنەڕەتدا گوتەزار نین: شتانێکن کە وەک گوتەزار دەنوێنن بەڵام نین، هەروەک چۆن مانکەنەکان مرۆڤئاسا دێنە بەرچاو، بەڵام مرۆڤ نین.

بەڵام (زۆرێک لە فەیلەسووفان دەیانپرسی) ئەو تێزە سەرەکییەی پۆزیتیڤستە لۆژیکییەکان کە دەڵێت «واتای گوتەزارێک بەتەواوی بریتییە لەو پێشــبینییانەی کە ســەبارەت بە ئەزموونی مومکین دەیکات.»، بەپێی پێوەرەکانی خۆی چۆن کار دەکات؟ ئایا ئەو تێزە بۆخۆی پێشــبینیگەلێک سەبارەت بە ئەزموونی مومکین دەخاتە ڕوو؟ ئایا ئەزموونێک دەتوانێت ڕاستیی ئەو تێزەمان بۆ دەربخات؟ ئایا تاقیکردنەوەیەک دەتوانێت هەڵەبوونی نیشــان بدات؟ وا دیارە کە نا. وێدەچێت کە هەر شتێک لە جیهاندا -وەک خودی ئەم وتەیە- یەکسان دێتە بەرچاو، چ ئەو تێزە ڕاست بێت چ هەڵە بێت. (ئایا پۆزیتیڤست وەڵام دەداتەوە کە ئەو گوتەزارە شــیکارانەیە؟ ئەو وەڵامە بەو بۆنەیەوە کێشەسازە کە دەلالەت بۆ ئەوە دەکات زۆرینەی ئاخێوەرانی خۆجێیی زمانی ئینگلیزی کە بۆچوونی پۆزیتیڤستە لۆژیکییەکان لەسەر واتا ڕەت دەکەنەوە، تا ڕادەیەک لێیان ڕوون نییە کە ئایا ئەو ڕستەیە بەپێی دەلالەتی وشەی «واتا» -کە نە چەمکێکی تەکنیکی بەڵکوو وشــەیەکی ئاسایی ئینگلیزییە- ڕاســتە یان نا). و بەم پێیە، ئەگەر ئەو گوتەزارە ڕاست بێت، ئەوا بێواتایە؛ یان بە هەمان شــێوە ئەگــەر واتادار بێت، هەڵەیە. کەواتە، پۆزیتیڤیزمــی لۆژیکی وا دیارە لەمەڕ [تێزەکەی] خۆیەوە دەڵێت هەڵە یان بێواتایە؛ ئەگەر لە ڕســتەیەکی ئێســتاباو کەڵک وەرگرین لەوانەیە نموونەی «ناتەبایی لەخۆکەوتن»[1] بێت.

هەروەها لایەنگرانی ئێســتای «دژەواقعبڕوایی مێتافیزیکی» لە داڕێژەی بەهێزی ئەو تێزە کە دەڵێت

1. self-referentially incoherent

میتافیزیــک ناموم‌کینه، پشــتگیری ده‌که‌ن. تــا ئه‌و شــوێنه‌ی ده‌لوێت هێڵێکــی ئارگیومێنتی لۆژیکی لــه نووسراوه‌کانی هــه‌ر دژه‌واقیرِوایــه‌ک بدۆزینه‌وه، ئه‌ســته‌م تێبگه‌ین بۆچ ئه‌وان، وه‌ک پۆزیتیڤیســته لۆژیکییــه‌کان، ناکه‌ونه به‌ر تۆمه‌تی ناته‌بایی له‌خۆکه‌وتن. له ڕاســتیدا، ئــه‌و ده‌ره‌نجامه که هه‌موو فۆرمه به‌هێزه‌کانی تێزی ئاماژه‌پێکراو تووشی ناته‌بایی له‌خۆکه‌وتنن، قسه‌وباسی زۆر هه‌ڵده‌گرێت. به شێوه‌یه‌کی زۆر ده‌رهه‌ستانه، ده‌توانین ئیستدلال دژ به لایه‌نگرانی ئه‌و تێزه به‌هێزه به‌م چه‌شنه بخه‌ینه ڕوو. د. مه‌کزێد، وه‌ک «دژه‌میتافیزیکێکــی به‌هێــز»، بڕوای وایه که هه‌ر به‌شــێکی ده‌قێک لــه تاقیکردنه‌وه‌یه‌ک که ئه‌و دیاریی کردووه ده‌رنه‌چێت، ئه‌وا بێواتایه (ئه‌گه‌ر ناوبراو نموونه‌ی دژه‌میتافیزیکێکی به‌هێز بێت، ده‌ڵێت هــه‌ر ده‌قێک لــه‌و تاقیکارییه‌وه تێنه‌په‌ڕێت، ده‌رخــه‌ری هه‌وڵێکه بۆ چــه‌وت که‌ڵکوه‌رگرتن له زمان به شێوازێک که زمان به‌و شێوه‌یه که‌ڵکی لێ وه‌رناگیرێت.) و هه‌روه‌ها ده‌ڵێت هه‌ر به‌شێکی ده‌قێک که به شێوه‌یه‌کی ئاوه‌زمه‌ندانه بکرێت پێی بڵێین «میتافیزیکی»، ده‌بێ له‌و تاقیکارییه ده‌رنه‌چێت. به‌ڵام هه‌میشه ده‌رده‌که‌وێت که ڕســته‌گه‌لێکی جۆراوجۆر که پێکهاته‌ی بنه‌ڕه‌تیــی ئارگیومێنته‌که‌ی مه‌کزێد له هه‌نبه‌ر میتافیزیکن، بۆخۆیان له تاقیکارییه‌که‌ی ئه‌ودا ســه‌ر ناکه‌ون. نموونه تاقیکارییه‌ک بۆ ڕه‌تکردنه‌وه‌ی زۆر کورت و ده‌رهه‌ستی هه‌موو ڕه‌تدانه‌وه‌کانی میتافیزیک، ڕه‌خنه‌یه‌کی پەروه‌رده‌کاری و وردبینانه‌ی میتافیزیکه (که ده‌گوترێت ته‌نها له‌سه‌ر ئه‌و جۆره میتافیزیکه کاریگه‌ره که له لایه‌ن ئاوه‌زبڕوایانی سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌هه‌م و میتافیزیکی شــیکارانه‌ی هه‌نووکه هاتووه‌ته ئاراوه)، که له لایه‌ن فراسێنه‌وه (٢٠٠٢) خراوه‌ته ڕوو. ئه‌مه هه‌ڵوێســتێکی شــیاوی به‌رگرییه که ڕه‌خنه‌که‌ی ڤان فراســێن دژ به میتافیزیک له بنه‌ڕه‌تدا په‌یوه‌سته به هه‌ندێک تێزه‌وه که هه‌رچه‌نده بۆخۆیان تێزی میتافیزیکی نین، به‌ڵام له هه‌مان کاتدا دکه‌ونه به‌ر زۆرینه‌ی ئه‌و ڕه‌خنانه‌ی که ناوبراو دژ به تێزه میتافیزیکییه‌کان ئاراسته‌ی کردوون.

داڕێــژه‌ی لاوازی ئه‌و تێــزه که ده‌ڵێت میتافیزیک ناموم‌کینه، ئه‌مه‌یه: شــتێک له‌مه‌ڕ زه‌ینی مرۆڤ (له‌وانه‌یــه ته‌نانه‌ت زه‌ینی هه‌موو بکه‌ره به‌ئاوه‌زه‌کان یان هه‌موو بکه‌ره به‌ئاوه‌زه ڕاده‌مه‌نده‌کان) له ئارادایه که بۆ گه‌یشــتنی زه‌ین بــه ده‌ره‌نجامگه‌لێکی میتافیزیکی به هه‌ر شــێوه‌یه‌کی متمانه‌پێکــراو ڕه‌وته‌که‌ی ده‌شــێوێنێت. ئه‌م بیرۆکه‌یه لانیکه‌م ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ کات، به‌ڵام ڕوونووســێکی زۆر ســاکارتر له ئه‌وه‌ی کانت (و تێگه‌یشتنیش لێی ســاکارتره) به‌وردی له لایه‌ن مه‌کگینه‌وه (١٩٩٣) خراوه‌ته ڕوو. ئارگیومێنتی مه‌کگین بۆ ئه‌م ده‌ره‌نجامه‌یه که زه‌ینی مرۆڤ (وه‌ک بابه‌تێکی مومکینی له گه‌شه و هه‌ڵکشاندا، و نه‌ته‌نها به‌و هۆیه که «زه‌ینێک»ــه)، ناتوانێت به شێوه‌یه‌کی دڵخواز کۆمه‌ڵێکی به‌ربڵاو له پرسیاره فه‌لسه‌فییه‌کان (کۆمه‌ڵێک که هه‌موو پرسیاره میتافیزیکییه‌کان له خۆ ده‌گرێت) تاوتوێ بکات، به‌مه‌یشه‌وه به‌ستراوه‌ته‌وه

بــە تێزگەلێکی واقعی و تیۆریک ســەبارەت بە تواناییە زانینییەکانی[1] مرۆڤ کە لــە بنەڕەتدا دەکەونە بەر ڕەتدانەوەی ئەزموونی و ئێستاکەش پشتیوانێکی ئەزموونیی ئەوتۆیان نییە. بۆ بەرگرییەکی جیاواز لەو تێزە لاوازە، بڕوانە: (توماسۆن، ٢٠٠٩).

## سەرچاوەکان


Andler, Matthew, 2021, "The Sexual Orientation/Identity Distinction", *Hypatia*, 36(2):259–275.

Armstrong, David, 1989, *Universals: An Opinionated Introduction*, Boulder, CO: Westview.

–––, 1997, *A World of States of Affairs*, Cambridge: Cambridge University Press.

Ásta, 2018, *Categories We Live By: The Construction of Sex, Gender, Race, and Other Social Categories*, New York, USA: Oxford University Press.

Baker, Lynne Rudder, 2000, *Persons and Bodies: A Constitution View*, Cambridge: Cambridge University Press.

Barcan [Barcan Marcus], Ruth, 1946, "A Functional Calculus of First Order Based on Strict Implication", *Journal of Symbolic Logic*, 11: 1–16.

Barnes, Elizabeth, 2016, *The Minority Body: A Theory of Disability*. Oxford, United Kingdom: Oxford University Press.

Barnes, Elizabeth, 2017, "Realism and social structure", *Philosophical Studies*, 174(10): 2417–2433.

Beebee, Helen, 2004, "Causing and Nothingness", in *Causation and Counterfactuals*, John Collins, Ned Hall and Laurie Paul (eds.), Cambridge: MIT Press, pp. 291–308.

Bennett, Karen, 2021, "Why I am Not a Dualist" in *Oxford Studies in Philosophy of Mind*, 1: 208–231.

–––, 2017, *Making Things Up*, New York: Oxford University Press.

Bernstein, Sara, 2014, "Omissions as Possibilities", *Philosophical Studies*, 167(1): 1–23.

–––, 2017, "Causal proportions and moral responsibility" in *Oxford Studies in*


1. cognitive

*Agency and Responsibility*, Volume 4, David Shoemaker (ed.), Oxford: Oxford University Press, pp. 165–182.

––, 2020, “The Metaphysics of Intersectionality”, *Philosophical Studies*, 177(2): 321–335.

––, 2021, “Could a Middle Level be the Most Fundamental?”, *Philosophical Studies*, 178(4): 1065–1078.

Broad, C. D., 1925, *The Mind and its Place in Nature*, London: Lund Humphries.

Davidson, Donald, 1967, “Causal Relations”, *Journal of Philosophy*, 64: 691–703.

Dembroff, Robin A, 2016, “What Is Sexual Orientation?”, *Philosophers' Imprint* 16.

Demirtas, Huzeyfe, 2022, “Causation Comes in Degrees”, *Synthese*, 200(1): 1–17.

Díaz-León, Esa, 2015, “What Is Social Construction?”, *European Journal of Philosophy*, 23(4): 1137–1152.

Epstein, Brian, 2019, “What are Social Groups? Their Metaphysics and How to Classify Them”, *Synthese*, 196 (12): 4899–4932.

––, “Social Ontology”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2021 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2021/entries/social-ontology/>

Fine, Kit, 2001, “The Question of Realism”, *Philosopher's Imprint*, 1: 1–30.

Ginet, Carl, 1990, *On Action*, Cambridge: Cambridge University Press.

Hacking, Ian, 1999, *The Social Construction of What?*, Cambridge: Harvard University Press.

Jorba, Marta & Rodó de Zárate, Maria, 2019, “Beyond Mutual Constitution: The Properties Framework for Intersectionality Studies”, *Signs: Journal of Women in Culture and Society*, 45(1): 175–200.

Kaiserman, Alex, 2018, “‘More of a Cause’: Recent Work on Degrees of Causation and Responsibility”, *Philosophy Compass*, 13(7): e12498.

Korman, Daniel Z, 2020, “The Metaphysics of Establishments”, *Australasian Journal of Philosophy*, 98 (3): 434–448.

Kripke, Saul, 1972, *Naming and Necessity*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Laurence, Stephen and Cynthia Macdonald (eds.), 1998, *Contemporary Readings in the Foundations of Metaphysics*, Oxford: Blackwell.

Lewis, David, 1973, “Causation”, *Journal of Philosophy*, 70: 556–67.

——, 1986, *On the Plurality of Worlds*, Oxford: Blackwell.

Lowe, E. J., 2006, *The Four-Category Ontology: A Metaphysical Foundation for Natural Science*, Oxford: The Clarendon Press.

Mason, R. & Ritchie, K., 2020, “Social Ontology”, in *Routledge Handbook of Metametaphysics*, R. Bliss and J. Miller (eds.), Routledge, pp. 312–324.

McKitrick, J, 2018, “Feminist Metaphysics: Can This Marriage Be Saved?”, *The Bloomsbury Companion to Academic Feminism*, Pieranna Garavaso (ed.), London: Bloomsbury Academic, pp. 58–79.

McDaniel, Kris, 2013, “Degrees of Being”, *Philosophers' Imprint*, 13.

McGinn, Colin, 1993, *Problems in Philosophy: The Limits of Inquiry*, Oxford: Blackwell.

McTaggart, J.M. E., 1908, “The Unreality of Time”, *Mind*, 17: 457–474.

Mikkola, Mari, 2017, “On the Apparent Antagonism between Feminist and Mainstream Metaphysics”, *Philosophical Studies*, 174(10): 2435–2448.

Passinsky, Asya, 2020, “Should Bitcoin Be Classified as Money?”, *Journal of Social Ontology*, 6(2): 281–292.

——, “Finean Feminist Metaphysics”, *Inquiry: An Interdisciplinary Journal of Philosophy*, 64(9): 937–954.

Paul, L.A. and Ned Hall, 2013, *Causation: A User's Guide*, Oxford: Oxford University Press.

Plantinga, Alvin, 1974, *The Nature of Necessity*, Oxford: The Clarendon Press.

Politis, Vasilis, 2004, *Aristotle and the Metaphysics*, London and New York: Routledge.

Prior, A.N., 1998, “The Notion of the Present”, in *Metaphysics: The Big Questions*, Peter van Inwagen and Dean Zimmerman (eds.), Oxford: Blackwell Press, pp. 80–82.

Quine, W. V. O., 1948, “On What There Is”, in Quine 1961: 1–19.

——, 1953, “Reference and Modality”, in Quine 1961: 139–159.

——, 1960, *Word and Object*, Cambridge, MA: MIT Press.

——, 1961, *From a Logical Point of View*, Cambridge, MA: MIT Press.

Rea, Michael (ed.), 1997, *Material Constitution: A Reader*, Lanham, MD: Rowman

& Littlefield.

Richardson, Kevin, forthcoming, “The Metaphysics of Gender is (Relatively) Substantial”, *Philosophy and Phenomenological Research*.

—–, 2022, “Social Groups Are Concrete Material Particulars”, *Canadian Journal of Philosophy* 52(4): 468–483.

Ritchie, Katherine, 2020b, “Social Structures and the Ontology of Social Groups”, *Philosophy and Phenomenological Research* 100(2): 402–424.

—–, 2015, “The Metaphysics of Social Groups”, *Philosophy Compass* 10(5): 310–321.

—–, 2013, “What are groups?” *Philosophical Studies*, 166(2): 257–272.

Ruben, David-Hillel, 1985, *The Metaphysics of the Social World*, London: Routledge & Kegan Paul.

Sartorio, Carolina, 2004, “How to be Responsible for Something Without Causing it”, *Philosophical Perspectives*, 18(1): 315–336.

—–, 2020, “More of a Cause?”, *Journal of Applied Philosophy*, 37(3): 346–363.

Sartre, Jean-Paul, 1949, *Situations III*, Paris: Gallimard.

Schaffer, Jonathan, 2004, “Causes Need Not Be Physically Connected to Their Effects: The Case for Negative Causation”, in *Contemporary Debates in Philosophy of Science*, C. Hitchcock (ed.), Malden MA: Blackwell, pp. 197–216.

—– 2010, “Monism: The Priority of the Whole”, *Philosophical Review*, 119: 31–76.

Sider, Theodore, 2012, *Writing the Book of the World*, Oxford: Oxford University Press.

Stalnaker, Robert, 1968, “A Theory of Conditionals”, in *Studies in Logical Theory*, Nicholas Rescher (ed.), Oxford: Blackwell, pp. 98–112.

Sullivan, Meghan, 2012, “The Minimal A-Theory”, *Philosophical Studies*, 158: 149–174.

Thomasson, Amie, 2009, “Answerable and Unanswerable Questions”, in *Metametaphysics: New Essays on the Foundations of Ontology*, David J. Chalmers, David Manley, and Ryan Wasserman (eds.), Oxford: Oxford University Press, pp. 444–471.

Uzquiano, Gabriel, 2004, “The Supreme Court and the Supreme Court Justices: A

Metaphysical Puzzle”, *Noûs*, 38 (1): 135–153.

Thomson, Judith Jarvis, 1998, “The Statue and Clay”, *Noûs*, 32: 149–173

Van Fraassen, Bas C., 2002, *The Empirical Stance*, New Haven, CT: Yale University Press.

Van Inwagen, Peter, 1998, “The Mystery of Metaphysical Freedom”, in Peter van Inwagen and Dean W. Zimmerman (eds.), *Metaphysics: The Big Questions*, Malden, MA: Blackwell, pp. 365–374.

Wallace, Meg, 2019, “The Lump Sum: A Theory of Modal Parts”, *Philosophical Papers*, 48(3) :403–435.

Warmke, Craig, 2021, “What is Bitcoin?”, *Inquiry: An Interdisciplinary Journal of Philosophy*.

Williamson, Timothy, 2013, *Modal Logic as Metaphysics*, Oxford: Oxford University Press.

Zimmerman, Dean W. (ed.), 2006, *Oxford Studies in Metaphysics* (Volume 2), Oxford: The Clarendon Press.